# چاپکراوی نوێ

(تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی..) و (خەونمان بۆ زستان دی) دوو کتێبی شاعیر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس (نەژاد عەزیز سورمێ)ن، کە بە بەرگی قەشەنگ و دیزاینێکی ناوازە کەوتوونەتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، یەکەمیان کە بەرگ و کۆلاژەکە هی خودی شاعیرە و لە دووتوێی (١٦٠) لاپەڕەدایە، بریتییە لە کۆشیعرێك کە بەپێی لاپەڕەبەندی کتێبەکە حەوت قەسیدە لەخۆ دەگرێت.

دوومیان: (خەونمان بۆ زستان دی) کە چەند دەقێکی شیعریی وەرگێردراون و لە (٢٥٦) لاپەڕەدایە، کە ئەمە پێنجەمین کۆمەڵەی هەڵبژاردەی ئەدەبیاتی بیێگانەیە کە شاعیر بەچاپی گەیاندوون... لەم بەرهەمەدا شاعیر توانیویەتی رۆح و دنیابینیی شاعیرەکان و شیعرییەتی تێکستەکان بپارێزێت..

نەژاد عەزیز سورمێ یەکێکە لەو رۆشنبیرانەی کە توانیویەتی لە چوار بواردا دەربکەوێت و شوێن پەنجەی لە هەموویاندا بەرزو بەرچاوبێت، (بواری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسی)، (بواری شیعر)،( بواری وەرگێران)، (بواری هونەری کۆلاژ و پێشانگاکانی)..

بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە نووسەری ئەو دوو کتێبە(نەژاد عەزیز سورمێ) دەکەین، هیواداریـن لە نووسین و داهێناندا بەردەوام بێت و کتێبخانەی کوردیش بە بەرهەمەکانی دەوڵەمەند بکات.






بارەگای بارزانی

BAREGAYÊ BARZANÎ

گوڵان

پەیامی بارەگای بارزانی بۆ گوڵان:

# چاپکردنی کتێب و لێکۆڵینەوەی سیاسی بەرهەمێکی دیکەی گوڵانە کە بۆ هەمووومان جێی شانازییە

بەڕێز بارەگای بارزانی بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری گوڵان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

بەڕێزان سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان

سڵاو و ڕێز..

بەبۆنەی بیست و پێنجەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین.

گوڵان خاوەن پێگەیەکی دیار و ڕێچکەی تایبەت بەخۆیەتی و یەکێکە لە ناوە درەوشاوەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان. ئێوەی بەڕێز مافی خۆتانە شانازی بەوەوە بکەن کە گوڵان نەک هەر لەڕووی تەمەن وەک تەمەندرێژترین گۆڤاری سیاسی لە کوردستان، بەڵکوو تا ئێستاش وەک ناوەندێکی دیار و جێی متمانە بۆ دیالۆگی سیاسی و ئەکادیمی، بۆتە هۆی کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و کەسایەتییە میدیایی و ئەکادیمی و سیاسییەکانی کوردستان و دەرەوە، کە لەوەدا تا ئێستاش گوڵان پێشڕەوە. هەروەها، چاپکردنی کتێب و لێکۆڵینەوەی سیاسی، بەرهەمێکی دیکەی گوڵانە، کە بۆ هەمووومان جێی شانازییە.

هیوادارین ئێوەی ئازیز وەک ڕابردوو، لەسەر پەرەپێدانی گیانی لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردن و برِوابەخۆبوون و نیشتمانپەروەری و خزمەتکردنی پرۆژەی نەتەوەیی، بەردەوام بن.

دەستخۆشیتان لێ دەکەین و ئومێدی سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

بارەگای بارزانی

٢٠ی٤ی٢٠١٨

گوڵان

پەیامی بەڕێز فازڵ میرانی
سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# گۆڤاری گوڵان دوای چارەکە سەدەیەک لە کاروانی پڕبەخشش و زانیاری بەردەوامە



گوڵان

**بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارە و یۆبیلی زیوینی گۆڤاری گوڵان، بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە کردووە، ئەمە دەقەکەیەتی:**

یۆبێلی زیوینی (گوڵان) پیرۆز بێت

یەکێک لەو ئۆرگانە چالاکانەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە راپەڕینی ١٩٩١ی گەلەکەمان بە دواوە دامەزرا، دەزگای گوڵانە. ئەم دەزگایە سەرەتا کۆمەڵێک کادیری گەنج لە نێو ریزەکانی پارتی پڕۆژەکەیان گرتە دەست. هەنگاوی یەکەم دەرکردنی هەفتەنامەیەک بوو بە ناوی (گوڵان)، هێندەی نەبرد، ئەو دەزگایە چەند ئۆرگانێکی دیکەی زیندووی لێ بووەوە، وەک رادیۆ و تەلەفزیۆنی گوڵان لە هەولێری پایتەخت. پاشان ئەم پڕۆژەیە پەلی بۆ پارێزگاکانی دیکەی هەرێمیش هاویشت.

گۆڤاری (گوڵان) دوای یەک چارەکە سەدە لە کاروانێکی پڕ لە بەخشش و زانیاری، ئەمڕۆ کە لە سەرووی ١٢٠٠ ژمارەی گۆڤارەکە چاپکراوە، بووەتە سەرچاوەیەکی زۆر بەهادار بۆ توێژەرانی بواری رامیاری و مێژووی گۆڕانکارییەکان و هزری سیاسی، هەروەها گەلێک بواری دیکەی هەستەوەر.

ئێمە بە هیوایین گۆڤاری (گوڵان) لە رەوتی پێشەنگانەی خۆی بەردەوام بێت، ئەو گۆڤارەی بووەتە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ لە بواری هۆشیاریی سیاسی و پێشکەشکردنی خوێندنەوەی ورد و روون بۆ کاروانی خەبات و تێکۆشانی گەلێک لە رێی بەدەستهێنانی سەروەری و گەشە و پێشکەوتن.

بە بۆنەی تێپەڕبوونی یەک چارەکە سەدە بە سەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گوڵان کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردی، پیرۆزبایییەکی گەرم لە بەڕێوەبەر و سەرنووسەر و تێکڕای کارمەندانی ئەو ئۆرگانە چالاک و هەستیارەی پارتی دیموکراتی کوردستان و میدیای کوردستان دەکەین. سڵاو و درووود بۆ هەموو کارمەندانی پێشووی گۆڤارەکەش دەنێرین، کە تێکڕا رۆڵی کاریگەریان هەبوو لە گەشەکردنی گۆڤارەکە. بەهیوایین ئەو گۆڤارە لە گەشە و پێشکەوتنی خۆی بەردەوام بێت.

**فازڵ میرانی**

**سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

### پەیامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# گۆڤاری (گوڵان) بە گیانی دیالۆگ و ڕەخنەگرانەوە خزمەتی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کردووە

**بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری گوڵان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی:**

هەڤاڵانی بەڕێز/ سەرنووسەر و تێکڕای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەریی لە گۆڤاری (گوڵان)

لە بیرەوەری(٢٥)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان) وێڕای هیواخوازیی بەردەوامیی و پێشوەچوونی زیاتر، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و نووسەران و خوێنەرانی گۆڤارە ئازیزەکەتان دەکەین، ئومێدەوارین وەک هەمیشە زیاتر برەو بە پلان و کارەکانتان بدەن، دڵنیاشین لەوەی هەردەم مایەی ئەو شانازیی و ئەو ئەرکە پیرۆزە دەبن.

ڕێچکەی نەگۆڕ و باوەڕپێکراوی گۆڤاری(گوڵان) مایەی متمانەی خوێنەرانیەتی، کە بەپێی ئەو سیستەم و پرۆگرامە ڕێکوپێک و تایبەتەی شوناسی خۆی دیاریکردووە و ئیتیک و بنەما و ڕەگەزەکانی ڕۆژنامەگەریی سەردەمییانەی پەیڕەو کردووە. لەو سونگەیەوە خزمەتێکی زۆری کایەکانی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری و کولتوری کردووە، کە ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەیە بۆ کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردیمان.

لە نێو توێژی ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستاندا ڕۆڵی گۆڤاری (گوڵان) ڕوون و بەرچاوە و نکوڵی لێ ناکرێ، پێگەی شایستەی خۆی چەسپاندووە، ئەمەش لایەنێکی دیکەی ئەو خزمەت و بەخششەیە، کە پێشکەشی کردووە و ئەو بوارەشی دەوڵەمەندتر کردووە.

گۆڤاری (گوڵان) ژمارەیەکی بەرچاوی توێژەر و سیاسەتمەدار و ئەکادیمی ناسراوی عەرەبی و بیانی و جیهانی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، بۆیە لەو ڕووەوەش تایبەتمەندیی و دانسقەیی خۆی سەلماندووە، هەروەها لە ڕووی ئیتیکی پیشەوەرانەوە گۆڤاری (گوڵان) پەیڕەوی ڕەوتێکی ڕاست و دروستی کردووە و بە گیانی دیالۆگ و ڕەخنەگرانەوە خزمەتی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کردووە.

جارێکی دیکە بە بۆنەی یۆبیلی زیوینیەوە، پیرۆزبایی و پشتیوانیی خۆمان بۆ سەرخستن و بەردەوامیی و زیاتر پێشخستنی گۆڤاری (گوڵان) دووپات دەکەینەوە. هەر سەرکەوتوو بن..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٩/٤/٢١

### پەیامی دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# رێگەی شیاو و شایستەی گۆڤاری (گوڵان) لەسەر پانتایی کاری رۆژنامەگەریی کوردیی وایکردووە هەردەم گیانێکی نوێی داهێنەرانەی بەباڵادا ببڕدرێت

**بەڕێز دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری گوڵان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی:**

هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان

هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و سەرجەم ئەندامانی ستافی نووسین و هونەریی لە گۆڤاری (گوڵان)

بە بۆنەی هاتنەوەی ساڵیادی گۆڤاری (گوڵان) و لە یۆبێلی زیوینی تەمەنی، پیرۆزبایییەکی گەرم لە ئێوەی بەڕێز و نووسەر خوێنەرانی گوڵان دەکەین، کاری بەردەوام و بەخشش و بەرهەمی چەندین ساڵەتان بەرز دەنرخێنین و، بۆ داهاتووش ئومێدەوارین بەهەمان گیانی بەرپرسانە و دڵسۆزانەتان بەردەوام بن و لە گشت روویەکەوە هەنگاوی نوێتر و سوودمەندتر لەو بوارە بنێن.

رۆژنامەگەریی کوردی هەمیشە لە خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەماندا رۆڵی کاریگەری خۆی گێڕاوە، گۆڤاری (گوڵان)یش لەو کاروانەدا نموونەی ئەزموونێکی گەش و تایبەتمەندە لە خزمەتگەیاندن بە بواری رۆژنامەگەریی و مەعریفیمان، هەروەها هەردەم وەک سەکۆیەکی دەوڵەمەندی بواری توێژینەوە و بەدواداچوون بووە بۆ پرسە هەنووکەیی و چارەنووسسازەکانی ئەو ئەزموونە و دۆزی رەوای گەلەکەمان.

رێگەی شیاو و شایستەی گۆڤاری (گوڵان) لەسەر پانتایی کاری رۆژنامەگەریی کوردیی وایکردووە هەردەم گیانێکی نوێی داهێنەرانەی بەباڵادا ببڕدرێت و لە پێشەنگدا بێت، هەر بۆیەش مایەی بەهەندگرتن و رێزە.

جێی شانازییە بۆ رەوتی رۆژنامەگەریی کوردیی، کە (گوڵان) بەو مۆرک و رەسەنایەتیەی لە یۆبیلی زیوینیدا جێدەستی دیار و کاریگەر بووە بەسەر بواری رۆشنبیری و کولتووری وهەر بەو گیانە لەخۆبردووانەیشی بەردەوام دەبێ.

جارێکی دیکە (٢٥)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان_تان لێ پیرۆزدەکەین و، پاڵپشتیی تەواو و بەردەوامی دەزگاکەمان بۆ پێشکەوتن و بەردەوامبوونی گۆڤارەکە دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە داهاتووش هەردەم ئەو سەکۆیە دیاروبەرچاوەی رۆژنامەگەریی کوردیی بن.

دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٩/٤/٢١


زەمەن
ئەمریکا و ئەنفال




# کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و یۆبیێلی زیوینی گوڵان

**ئەگەر پشتگیریی شەخسی نێچیرڤان بارزانی نەبوایە لەم پڕۆژەیە، ئەوا دەزگای گوڵان و گۆڤاری گوڵانیش هەر زوو دەکەوتنە بەر شاڵاوی گوشارە سیاسییەکان و نەدەتوانرا ئەمڕۆ یادی یوبیلی زیوینی ئەم گۆڤارە بکەینەوە**

**گوڵان هەموو کاتێک سەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەیەکی دیموکراتی نەسەقامگیر لا باشتر بووە، بۆ ئەمەش جیا لەوەی چەندین راپۆرتی رۆژنامەگەریی وردی لەسەر ئەنجام داوە، لە هەمانکاتدا دیدار و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیشی لەگەڵ دەیان و سەدان پسپۆڕ و توێژەر لەم بوارەدا ئەنجام داوە و هەوڵی داوە، خوێنەرانی لە گرنگیی سەقامگیریی سیاسیی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان تێبگەن و فەوزای سیاسیی حزبەکان چەواشەیان نەکات**

**تەواوی ئەندامانی نەتەوەیەک لە نیشتمانێکی پارچەپارچەکراودا، پێویستیان بە دەسەڵات و چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی ئازادانە وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئازاد لە جیهاندا داکۆکی لەماف و تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان بکەن**

ئەگەر رۆژنامەگەری بۆ نەتەوە ئازادەکان وەك دەسەڵاتی چوارەم پێناسە کرابێت، بەو مانایەی ئەم دەسەڵاتە گوشار دەخاتە سەر حکومەت و حوکمڕانی بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی بۆ خواست و داواکاریی بەشێك لەو هاووڵاتیانە هەبێت کە لەلایەن دەسەڵاتەوە گرنگی بە خواست و داواکارییەکانیان نەدراوە، ئەوا بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و چەوساوەی وەك نەتەوەی کورد، رۆژنامەگەری ئەو ئامرازە بووە کە وەك تەنیا دەسەڵات پەنای بۆ براوە، بۆ ئەوەی ناسنامە و نەهامەتییەکانی نەتەوەیەك بە جیهان بناسێنێت و، رۆژنامەکەش بە ناوی (کوردستان)ەوە درچووە، کە هەر ناوەکەی ئاماژەیە بۆ ناساندنی نیشتمانێك کە ناوی کوردستانە و نەتەوەی کورد کە نیشتمانی خۆی لێ زەوتکراوە.

مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی کە بەدەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە لە ساڵی ١٨٩٨ دەست پێدەکات، ئەوەمان پێ دەڵێت کە نەتەوەی کورد جیاواز لە نەتەوە ئازادەکان، تەنانەت ئەو مافەشی نەبووە کە لەناو نیشتمانی خۆیدا رەخنە لە دەسەڵاتدارانی داگیرکار بگرێت و داکۆکی لە ناسنامە و مافەکانی خۆی بکات، بۆیە رۆشنگەرێکی وەك میقداد مەدحەت بەدرخان بە ناچاری لە دەرەوەی کوردستان رۆژنامەی دەرکردووە، ئامانجیشی لەم هەنگاوەی ئەوە بووە کە ناسنامەی کوردستان وەك نیشتمان و ناسنامەی نەتەوەی کورد بە تەواوی نەتەوەکانی ناوچەکە و جیهان بگەیەنێت.

ئەو ئەرکەی رۆژنامەی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بۆ رۆشنبیران و نووسەران و رۆژنامەنووسانی کوردی دیاریکرد، ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو بۆ گەیاندنی دەنگی نەتەوەیەك بە یەکگرتوویی بە جیهان، هەر بۆیە ئەم ئەرکە هەتا ئەمڕۆش، ئەرکی یەکەم و لە پێشینەی کۆی رۆژنامەگەریی کوردییە و، لەسەر بنەمای ستراتیژ و بیرکردنەوەی نەتەوەیی، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. راستە تەکنیك و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، وەرچەرخانێکی گەورەی بە سەر بواری رۆژنامەگەری لە تەواوی جیهاندا هێناوە، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەموو تاکێك لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە رۆڵی رۆژنامەنووسێکی نەریتی و زیاتریش بگێڕێت، بەڵام دیسان بۆ ئێمەی کورد وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، هێشتا ئەرك و رۆڵی رۆژنامەگەری هیچ وەرچەرخان، یان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و، ئەو ئەرکەی کە میقداد مەدحەت بەدرخان ١٢١ ساڵ پێش ئێستا هەستی پێکرد و خستیە سەرشانی خۆی لە رێگەی رۆژنامەی کوردستانەوە، ئەوا هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو ئامانجەی کە رۆژنامەی کوردستانی لە پێناودا دەرکراوە. هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی هەر رۆژنامەنووسێکی نیشتمانی و نەتەوەییشە هەست بکات، هەمان ئەو ئەرکە ئێستا لەسەر شانی ئەویشە و دەبێت ئاراستەی هەوڵە رۆژنامەوانییەکانی بەو ئاراستەیە چڕبکاتەوە، کە لە خزمەتی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و نیشتمانیی کوردستان بێت.

ئەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەی کە (رۆژنامەی کوردستان) خستوویەتە سەر شانی رۆشنبیرانی کوردستان بە (نووسەر و لێکۆڵەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەندانیشەوە)، وایکردووە یادکردنەوەی ساڵانەی دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان) تەنیا ئاماژەیەك نەبێت بۆ سەرەتا و دەستپێکی رۆژنامەگەری لە مێژووی نەتەوەی کورددا، بەڵکو ئەم یادکردنەوەیە دەگاتە ئاستی یادکردنەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و، ئەوەمان پیشان دەدات کە تەواوی ئەندامانی نەتەوەیەك لە نیشتمانێکی پارچەپارچەکراودا، پێویستیان بە دەسەڵات و چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی ئازادانە وەك هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئازاد لە جیهاندا داکۆکی لەماف و تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان بکەن.

بە درێژایی مێژوو، رۆژنامەگەریی کوردی هاوتا و هاوشان بووە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە لە کوردستاندا بوونی هەبووە، ئەمەش بەو مانایەی لە هەر سەردەمێکدا زەمینەیەك هاتبێتە پێشەوە و نەتەوەی کورد توانیبێتی بە شێوەیەك لە شێوەکان رای خۆی دەرببڕێت، ئەوا رۆژنامەگەری لە بووژانەوەدا بووە و رەوتی رۆشنگەری بیری نەتەوەیی کوردیش

لە گەشانەوە و هەڵکشاندا بووە، بۆیە لەم راستەوە دەکرێت سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموود لە سلێمانی بە قۆناخێکی گەشاوەی رۆژنامەگەری کوردستان لە قەڵەم بدەین، راستە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی حەفید بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو زەمینە ئازادە دروست بوو کە رۆژنامەگەری بە ئازادانە کاری خۆی بکات و هەفتانە رۆژنامەیەك بە ناوی (ئومێدی ئیستقلال) دەربچێت، بەڵام هەر ناونیشانی ئەم رۆژنامەیە ئاماژەیە کە نەتەوەی کورد، ئازادیی راستەقینەی لە دامەزراندنی دەوڵەت و سەربەخۆیی کوردستان پێناسە کردووە، پەیامی ئەم رۆژنامەیەش پارچە شیعرێکە و لەژێر ناونیشانەکەیدا نووسراوە، بە راشکای ئەم خواستەی بەرجەستە کردووە و دەڵێت:

**خودایە بەسیە ئیتر لابرێ دەیجوولی ئیزمحیلال**
**تلووعی پێ بکەی خورشیدی رۆژی پاکی ئیستقبال**
**لەگەڵ خولیایی هیجرەت بەسەرچوو عومری شیرینم**
**دەسا نۆبەی ویساڵە ئاە. ئەی ئومێدی ئیستقلال**




دیارە رۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) کە ٢٥ ساڵ دوای دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە، لە ساڵی ١٩٢٣ لە سلێمانی دەرچووە، دووبارە هەمان ئامانج و پەیامی هەمان رۆژنامە لەسەر خاکی کوردستان پێناسە دەکاتەوە، کە ئەویش خواستی نەتەوەیەکە بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ببینێت.

هاوکات لەگەڵ ئەم خواستە نیشتمانی و نەتەوەییە، ژینگەی ئازادی حکومەتەکەی شێخ مەحموود لە سلێمانی سەرەتایەکی دیکەی لە رۆژنامەگەریی کوریدا دروستکرد، کە ئەویش دەرکەوتنی رەخنەی رۆژنامەگەرییە لە دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموود، بۆیە ئەگەر لەدایکبوونی ئەم رەخنەیە لە دەسەڵاتی کوردی، بە شێوەی خەوبینین و لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا بە ناونیشانی (لە خەوما) ئاراستە کرابێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کاتێك زەمینەیەکی ئازاد لە مێژووی نەتەوەکەمان دێتەئاراوە، ئەوا رەهەندەکانی سەربەخۆیی کوردستان فراوانتر دەبێت و رۆژنامەگەریی کوردییش هاوشانی رۆژنامەگەریی نەتەوە ئازادەکانی دیکە، داکۆکی لە حوکمڕانیی باش لە چوارچێوەی کوردستانێکی ئازاد دەکات.

کەواتە لەم مێژووەوە، ئەرکی رۆژنامەگەریی

کوردی دەکەوێتە قۆناخێکی دیکە و دەبێتە دوو ئەرك، یەکەمیان ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوە کە خۆی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بەرجەستە دەکات، ئەرکی دووەمیشی ئەو دەسەڵاتە خۆماڵییەیە کە لە ژینگەیەکی نیمچە ئازاددا حوکمڕانی لەسەر بەشێکی خاکی ئەو نیشتمانە دەکات.

### ● هەفتەنامەی گوڵان.. دەزگای گوڵان.. گۆڤاری گوڵان

ڕەوتی هەڵکشان و داهێنان لە بواری ڕۆژنامەگەری پەیوەستە بەو ژینگە سیاسییەی کە لە وڵاتدا دێتەئاراوە، هەر بۆیە کاتێك باسی دەرکردنی هەفتەنامە و دامەزراندنی دەزگای گوڵان دەکەین، دەبێت چاوێك بەو ژینگە سیاسییەدا بخشێنین کە ئەم دەزگایەی تێدا لەدایك بوو، کە بە شانازییەوە لەناو ڕای گشتیی کوردستاندا، گوڵان وەك دەستپێشخەرییەك و داهێنانێك لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت.

ئاشکرایە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ١٩٩٢ کە یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا لەسەر بەشێکی ئازادی خاکی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەدوای خۆیدا وەرچەرخانێکی گەورەی دروست کرد، جیا لەوەی دوای ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و بڕیاری فیدراڵی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی کوردستانیش جارێکی دیکە سەرلەنوێ پرۆسەی سیاسی وەرچەرخانی بەسەردا هات کە دەکرێت لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێ بکەین:

١. ساڵی ١٩٩٣ ساڵی خۆڕێکخستنەوەی حزبەکانی کوردستان بوو لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم ساڵەدا کۆنگرەی ١٣ی خۆی گرێدا، بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ سەردەمی حوکمڕانیی مەدەنی و هەڵبژاردنی ئازاد و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

٢. بەرەی یەکگرتن کە پێکهاتبوو لە حزبەکانی (گەل، سۆشیالیست، پاسۆك) بڕیاریان دا، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان تێکەڵاو بن، ئەم یەکگرتنەی نێوان (پارتی و یەکگرتن) ژینگەیەکی تازەی سیاسی هێنایەئاراوە کە ڕەوتی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان خێراتر کرد.

ئەم گۆڕانکارییە سیاسییانە هەموویان لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ و دەستپێکی ١٩٩٤ هاتنەئاراوە، لەم ژینگەیەدا بەشێك لە ڕۆژنامەنووسان کە لە ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان دەکرد و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی برایەتی بوون، بیرۆکەی ئەوەیان بۆ هات کە مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناخی تازەی حوکمڕانی و خۆئامادەکردن بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لەلایەن میدیاوە، پێویستی بە دامەزراندنی میدیایەك هەیە کە لەژێر کاریگەریی حزبی دەربچێت، بۆ ئەمەش لەلایەن ئەو ڕۆژنامەنووسانەوە بیرۆکەی دامەزراندنی هەفتەنامەی گوڵان ئامادەکرا و درایە دەست ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو کە هەفتەنامەی گوڵان وەك چالاکییەکی گەنجانەی مەدەنی لەژێر چەتری ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربچێت.

ئەم بیرۆکەیە لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی-یەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا، هەر بۆیە لە بەهاری ١٩٩٤ ئامادەباشی کرا بۆ ئەوەی سەرەتا هەفتەنامەیەك بە ناوی (گوڵان) بە شێوەی (ڕۆژنامە نەك گۆڤار) دەربچێت و، بۆ گرێدانەوەی ئەرك و ئامانجی ئەم هەفتەنامەیەش لەگەڵ پەیام و ئامانجی ڕۆژنامەی کوردستان، وا بڕیار درا کە یەکەمین ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤ دەربچێت.

هەفتەنامەی گوڵان وەك لە یەکەمین ژمارەیەوە خۆی پیشانی خوێنەرانی دا، بەو ئامانجە دەرچوو، کە ئەو ڕەوتە نەریتییە حزبییەی ناو ڕۆژنامەگەریی کوردی بشکێنێت و سەرەتایەکی نوێ بۆ ڕەخنەگرتن و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و چەسپاندنی پرانسیپەکانی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە فرەیی سیاسی بێنێتە

**ستافی یەکەمی گوڵان هەر لە سەرەتاوە و لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنیان لە لۆژیکی نێچیرڤان بارزانی، بە باشی لەو ڕاستییە تێگەیشتن، کە بەهێزیی کوردستان لە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و یەکتری قبووڵکردنی سیاسی خۆی دەبینێتەوە، گەیشتبوونە قەناعەت کە دیموکراتی و پرۆسەی دیموکراتی، ئەو کاتە مانای ڕاستەقینەی دەبێت، کە ڕێز لە ئاکامی سندوقەکانی دەنگدان بگیردرێت و لایەنە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن**

**تەمەنی هەفتەنامەی گوڵان بە شێوەی (ڕۆژنامە) تەنیا ٣٨ ژمارە بوو، لە ژمارەی ٣٩ تا دەگاتە ئەمڕۆ کە ژمارەی ١٢١٥یە، بە شێوەی گۆڤار چاپ کراوە**

**هەفتەنامەی گوڵان وەک لە یەکەمین ژمارەیەوە خۆی پیشانی خوێنەرانی دا، بەو ئامانجە دەرچوو، کە ئەو ڕەوتە نەریتییە حزبییەی ناو ڕۆژنامەگەریی کوردی بشکێنێت و سەرەتایەکی نوێ بۆ ڕەخنەگرتن و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و چەسپاندنی پرانسیپەکانی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە فرەیی سیاسی بێنێتە ئاراوە**

ئـاراوە، بـەڵام بەداخـەوە هەفتەنامـەی گـوڵان تەنیـا دوو ژمـارەی لـێ دەرچووبـوو، کاتێـك شـەڕی بەدنـاوی ناوخـۆ دروست بـوو.

هەفتەنامـەی گوڵان هـەر لـە سـەرەتاوە دژایەتی خـۆی بـۆ شـەڕی بەدنـاوی ناوخـۆ دەربـڕی، پاشـانیش کـە هەفتەنامـە بـوو بـە دەزگای گـوڵان و (رادیـۆ و تەلەفزیۆنـی) گوڵان-یـش وەك دوو کەناڵـی دیکـە بوونـە هاوشـانی هەفتەنامەکـە، هەمـوو پێکـەوە بوونـە بەشێك لـەو هەوڵانـەی کـە بۆ کۆتاییهێنـان بـەو شـەڕە شوومە خرابوونەگـەڕ.

ئامانجـی گـوڵان دروسـتکردنی گوشـارێکی هەمەلایـەن بـوو لەسـەر هـەردوو لایەنـی شـەڕەکە، بـۆ ئـەوەی گوشـارێکی میللـی دروسـت بێـت و هەردوو لایەنی شـەڕەکە چاوپۆشی بکەن و لەسـەر مێزی ئاشـتی پێکـەوە دابنیشـن، هـەر بۆیـە هـەر لایـەك پێشـێلکاریی رێککەوتنـی ئاگربەسـتەکانی بکردایە، کەناڵەکانی گـوڵان (هەفتەنامـە، رادیۆ، تەلەفزیـۆن) ئـەو پێشـێلکارییانەی دەخسـتە نـاو رای گشـتییەوە، ئەمـە وایکـرد، یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان کـە لایەنـی بەرامبـەری شـەڕەکە بـوو لـە بەرامبـەر پارتـی، هەمـوو هەوڵـی خـۆی بـۆ دژایەتیـی گـوڵان بخاتەگـەڕ، بـەڵام بەردەوامیـی گـوڵان لەسـەر میتـۆدی ئاشـتییانەی خـۆی و پابەندبوونـی بـە دژایەتیـی شـەڕی خۆکـوژی، بـووە هـۆکاری ئـەوەی ببێتـە قوربانیـی ئـەم شـەڕە و، هـەر بـۆ مێـژوو، دەزگای گـوڵان زۆر هەوڵـی دا لـە شـەڕی ناوخـۆی سـاڵی ١٩٩٤- ١٩٩٦ نەبێتـە بەشـێك لـەو شـەڕە و، وێـڕای ئـەوەی پەرلەمانـی کوردسـتان لەلایـەن یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانەوە گەمـارۆ درا و، بارەگاکانـی پارتـی لەنـاو هەولێـر نەمـان، بـەڵام دەزگای گـوڵان لەنـاو بینایەکـەی خـۆی بـۆ مـاوەی نزیکـەی دوو مانـگ مایـەوە و لەسـەر رەوتـی خـۆی بـۆ دژایەتیـی شـەڕی خۆکوژیـی ناوخـۆ بـەردەوام بـوو. بـەڵام پـاش ئـەوەی بـە هێـزی میلیشـیایی بینایـەی گـوڵان لـە هۆتێـل (شـیراتۆن) داگیرکـرا، دەزگای گـوڵان ناچـار بـوو، بچێتـە هاوینەهـەواری پیرمـام و لـەوێ درێـژە بـە کـارە رۆژنامەنووسـییەکانی خـۆی بـدات.

جێگـەی بـاس و وەبەرهێنانەوەیـە، هـەردوو دەزگای (رادیـۆ و تەلەفزیـۆن)ی گـوڵان، کـارە رۆژنامەوانییەکانیـان گـۆڕانکاریـی ئەوتـۆی تـێ



**گوڵان بە درێژایی تەمەنی ٢٥ساڵی رابردووی هەموو کات بەپێی قۆناخە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان و عێراق لە بواری کاری رۆژنامەگەریدا رچەشکێن بووە و هەوڵی داوە کە ژینگەی تازە بۆ هاوکاری لە پرۆسەی سیاسیدا بدۆزێتەوە**

**ستافی ئێستای گوڵان . هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئەوە دەخەنە کار کە تەواوکاری ئامانج و پەیامە پیرۆزەکەی رۆژنامەی کوردستان بن کە ١٢١ ساڵ پێش ئێستا بۆ داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و کوردستان وەک نیشتمان دەستنیشانی کردووە**

**مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ شاهیدە کە هیچ تەلەفزیۆن و رادیۆ و بڵاوکراوەیەک پێش گوڵان، دیبەتی سیاسی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان ئەنجام نەدابوو، بۆیە ئەم دەستپێشخەرییەی گوڵان بووە میتۆدێک لەنێو رۆژنامەگەریی کوریدا و پاشان لەناو میدیای حزبەکان و ئێستاش لە کەناڵ و ئۆرگانە ئەهلییەکان رەنگدانەوەی هەیە**

نەکەوت، بەڵام هەفتەنامەی گوڵان کە لە سەر شێوازی (رۆژنامەیەکی رۆژانە) چاپ دەکرا، لەبەر نەبوونی چاپخانەی چاپکردنی رۆژنامە لە دەرەوەی هەولێر، ناچار بیر لەوە کرایەوە کە هەفتەنامەی گوڵان لە شێوازی چاپکردنی بە شێوەی (رۆژنامە) بگۆڕێت بۆ چاپکردنی بە شێوەی (گۆڤار)، بۆیە تەمەنی هەفتەنامەی گوڵان بە شێوەی (رۆژنامە) تەنیا ٣٨ ژمارە بوو، لە ژمارەی ٣٩ تا دەگاتە ئەمڕۆ کە ژمارەی ١٢١٥یە، بە شێوەی گۆڤار چاپ کراوە.

## ● گوڵان. پلاتفۆرمێك بۆ رێزگرتن لە جیاوازییەکان و رەخنەگرتن و یەکتری قبووڵکردن

لەوانەیە زۆر لە سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان لەمیانەی وتار و قسەکانیاندا زۆر شێلگیرانە داکۆکییان لە میدیای ئازاد و قبووڵکردنی رەخنە کردبێت، بەڵام تەنیا نێچیرڤان بارزانی وەك لاوێکی شۆڕشگێڕ و مودێرن بە کردەیی پشتگیری میدیای ئازاد و رەخنەگرتن و دروستکردنی گوشاری میدیایی لەسەر حزب و حکومەت کردووە.

هەر بۆیە کاتێك یادی یۆبیلی زیوینی گۆڤاری گوڵان دەکەینەوە، گرنگە وەك وەفادارییەك ئەوە بڵێین، ئەگەر پشتگیریی شەخسی نێچیرڤان بارزانی نەبوایە لەم پڕۆژەیە، ئەوا دەزگای گوڵان و گۆڤاری گوڵانیش هەر زوو دەکەوتنە بەر شاڵاوی گوشارە سیاسییەکان و نەدەتوانرا ئەمڕۆ یادی یۆبیلی زیوینی ئەم گۆڤارە بکەینەوە.

گوشارە سیاسییەکە بۆ راگرتنی ئەم پڕۆژە مۆدێرنە میدیاییە، تەنیا گوشاری سیاسیی ئەو لایەنە سیاسییانە نەبوون کە لە دەرەوەی پارتی بەرگەی رەخنەکانی گوڵانیان نەدەگرت، بەڵکو راشکاوانە زۆرجاران بەرپرسانی پارتی لەناو حزب و حکومەت بە ئاستێك لە رەخنەکانی گوڵان نیگەران دەبوون، کە مەکتەبی سیاسیی پارتییان ناچار دەکرد، بریاری راگرتن، یان داخستنی دەزگای گوڵان بدەن، لەمەش زیاتر زۆر جاران لەناو کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی، مەرجی داخستنی گوڵان، وەك یەکێك لە پێشمەرجەکان بۆ رێککەوتنی نێوانیان تاوتوێ دەکرا، بەڵام پشتگیری و پێداگریی نێچیرڤان بارزانی لەسەر بەردەوامیی ئەم پڕۆژە میدیا نیشتمانی و مەدەنییە، وایکرد کە زیاتر ئەم ئەزموونە بەرەوپێشەوە بچێت و ببێتە سەرەتایەك بۆ هاتنەئارای (رۆژنامەی ئەهلی و سەربەخۆ)، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو رۆژنامە ئەهلی و سەربەخۆیانەش پاڵپشتێکی گەورە بووە و بەردەوام داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین و کاریگەریی میدیای ئازاد لە ناو پرۆسەی سیاسیدا کردووە، لە رێگەی حکومەتیشەوە کە خۆی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، بەردەوام پشتگیریی ماددی و مەعنەویی هەموو ئەو هەوڵانەی کردووە کە بۆ میدیای ئازاد و ئەهلی لە کوردستان خراونەتە گەڕ.

گوڵان بە درێژایی تەمەنی ٢٥ساڵی رابردووی هەموو کات بەپێی قۆناخە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان و عێراق لە بواری کاری رۆژنامەگەریدا رچەشکێن بووە و هەوڵی داوە کە ژینگەی تازە بۆ هاوکاری لە پرۆسەی سیاسیدا بدۆزێتەوە، بۆ ئەمەش جێگەی خۆیەتی کە شانازییەکی دیکەی دەزگای گوڵان لەم بۆنەیەدا بخەینەڕوو، ئەویش دیبەتی سیاسی بووە لە نێوان بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و لەنێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان، ئەمەش رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر لاپەڕەکانی هەفتەنامە و شاشەی تەلەفزیۆنی و رادیۆی گوڵان، بۆ ئەمەش مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ شاهیدە کە هیچ تەلەفزیۆن و رادیۆ و بڵاوکراوەیەك پێش گوڵان، دیبەتی سیاسی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان ئەنجام نەدابوو، بۆیە ئەم دەستپێشخەرییەی گوڵان بووە میتۆدێك لەنێو رۆژنامەگەریی کوریدا و پاشان لەناو میدیای حزبەکان و ئێستاش لە کەناڵ و ئۆرگانە ئەهلییەکان رەنگدانەوەی هەیە.

ستافی یەکەمی گوڵان هەر لە سەرەتاوە و لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنیان لە لۆژیکی نێچیرڤان بارزانی، بە باشی لەو راستییە تێگەیشتن، کە بەهێزیی کوردستان لە رێزگرتن لە جیاوازییەکان و یەکتری قبووڵکردنی سیاسی

خۆی دەبینێتەوە، گەیشتبوونە قەناعەت کە دیموکراتی و پرۆسەی دیموکراتی، ئەو کاتە مانای راستەقینەی دەبێت، کە رێز لە ئاکامی سندوقەکانی دەنگدان بگیردرێت و لایەنە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن، بۆیە ئەم میتۆدە بووە نەخشەی رێگە بۆ قۆناخەکانی دیکەی گوڵان و ئەو ستافانەی دیکە کە لە قۆناخە جیاوازەکاندا ئەرك و بەرپرسیاریەتییان لە گوڵاندا کەوتۆتە سەرشان. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج بدەین، گۆڤاری گوڵان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك کابینەیەکی یەکگرتوو، بەردەوام کاری لەسەر (حوکمڕانیی باش، دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، گرنگیی سەقامگیری لە بواری ئاسایش و سیاسی) و هەموو ئەو بوارانە کردووە کە پەیوەندییان بە حوکمڕانییەوە هەیە لە کوردستان، ئەوجا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سیاسی و زانستییانە هاوکاری خەڵك بێت بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و هەروەها هاوکاری حکومەت و پەرلەمان بێت بۆ چۆنیەتی پیادەکردنی حوکمڕانیی باش، گوڵان دەرگایەکی فراوانی لەگەڵ سەرجەم ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی جیهان کردەوە و رۆژانە چەندین پەیوەندی لەگەڵ پسپۆڕان و توێژەران و دیپلۆماتکاران لە سەرانسەری جیهاندا ئەنجام دەدا و ئەو پرسیارانەی رووبەڕوو دەکردنەوە کە خەڵکی کوردستان پێویستیان بە وەڵامدانەوەی هەبوو، هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمی و پەیوەندی لەگەڵ رۆشنبیرانی دراوسێ، گوڵان دەرگایەکی فراوانی لەگەڵ تەواوی رۆشنبیران و نووسەران و رۆژنامەنووسانی تورکیا کردەوە و بەردەوام هەفتەنانە لەسەر پرسی گرنگی ئاشتی لە نێوان کوردستان و تورکیا دیدار و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی ئەنجامدەدا، ئەم هەوڵانەی گوڵان گەیشتە ئەو ئاکامەی کە دیالۆگێکی کراوە لە نێوان رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ بێتە ئاراوە.





**ساڵی ١٩٩٣ ساڵی خۆڕێکخستنەوەی حزبەکانی کوردستان بوو لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم ساڵەدا کۆنگرەی ١٣ی خۆی گرێدا، بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ سەردەمی حوکمڕانیی مەدەنی و هەڵبژاردنی ئازاد و دەستاودەستکردنی دەسەڵات**

### • گوڵان وەك پێشەنگ لەنێو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا

گوڵان لە میانەی رووماڵی رووداوەکان و بەدواداچوونە وردەکانی بۆ پرسە هەستیارەکان لە ژیانی نەتەوە لە قۆناخی بونیادنانی نەتەوەدا، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بەها و ماناکانی ئازادی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا بەرجەستە دەبێت و تەنیا نەتەوەی ئازاد دەتوانێت لە پرۆسەی بودنیادنانی نەتەوەدا سەرکەوتوو بێت، بۆیە هەوێنی کارکردنی گوڵان لە ماوەی نزیکەی ١٠-١٢ ساڵی رابردوو، جەختکردنەوە بووە لەسەر پێداویستییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، کە ئەمەش پێویستی بە هۆکارێکی سەرەکی بووە، ئەویش هەوڵدان بووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

گوڵان وەك هەر ناوەندێکی سیاسی و فیکری زۆر بە وردی هەردوو چەمکی (بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوەی) لەلایەك پێکەوە گرێ دابوو، لەلایەکی دیکەوە لێکی جیاکردبوونەوە، هەر بۆیە بۆ حاڵەتی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، هەردوو پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوەی وەك یەك جمك پێکەوە پێناسە دەکرد، بەڵام کاتێك پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت وەك ئەو پرۆسەیە لە عێراق و ئەفغانستان ئاماژەی پێ دەکرا و بونیادنانی دەوڵەت وەك دەوڵەتێکی سەنتراڵی پێناسە دەکرا، گوڵان ئەو پرۆسەی بونیادنانەی دەوڵەتی رەتدەکردەوە و پێی وابوو، پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لەو چوارچێوەیەدا نەك هەر نابێتە بازنەیەك بۆ رەنگدانەوەی ئازادیی گەلەکەی، بەڵکو دەبێتە کۆت و بەند و ئازادیی



گەلەکەی پێ کۆت دەکرێت، ئەم جیاکردنەوەیەش پێویستییەکی گرنگی قۆناخی بونیادنانی نەتەوە بووە بۆ ئەوەی دەوڵەت ببێتە چوارچێوەیەك بۆ بەرزڕاگرتنی شکۆی ئیرادەی نەتەوە.

لایەنێکی دیکە کە گوڵان وەك ئەرکێکی نیشتمانی کاری لەسەر کردووە، گرنگیی سەقامگیری بووە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، بۆیە گوڵان هەموو کاتێك سەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەیەکی دیموکراتی نەسەقامگیر لا باشتر بووە، بۆ ئەمەش جیا لەوەی چەندین راپۆرتی رۆژنامەگەریی وردی لەسەر ئەنجام داوە، لە هەمانکاتدا دیدار و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیشی لەگەڵ دەیان و سەدان پسپۆڕ و توێژەر لەم بوارەدا ئەنجام داوە و هەوڵی داوە، خوێنەرانی لە گرنگیی سەقامگیریی سیاسیی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان تێبگەن و فەوزای سیاسیی حزبەکان چەواشەیان نەکات.

ستافی ئێستای گوڵان . هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئەوە دەخەنە کار کە تەواوکاری ئامانج و پەیامە پیرۆزەکەی رۆژنامەی کوردستان بن کە ١٢١ ساڵ پێش ئێستا بۆ داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و کوردستان وەك نیشتمان دەستنیشانی کردووە، هەروەها هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە کار لەم بەشە ئازادەی کوردستان کە هەرێمی باشووری کوردستانە، حوکمڕانییەکی باش پیادە بکرێت، ئەمەش لەو قەناعەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە کوردستانی ئازاد دەبێت ژینگەیەکی تەندروست بێت بۆ کەرامەتی هەر تاکێکی کوردستانی و حکومەتەکەشی دەبێت بەو ئاستە خزمەتگوزار بێت کە شایستەی خەڵکی کوردستانە.

**گۆڤاری گوڵان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک کابینەیەکی یەکگرتوو، بەردەوام کاری لەسەر (حوکمڕانیی باش، دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، گرنگیی سەقامگیری لە بواری ئاسایش و سیاسی) و هەموو ئەو بوارانە کردووە کە پەیوەندییان بە حوکمڕانییەوە هەیە لە کوردستان**

# گوڵان شۆڕشێکی هزری لەنێوان گەنجاندا خولقاند

کاتێك بە خامەیەکی کوردانە دەستم بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانم کرد، هەر زوو بڕیارم دا پێنووسەکەم بخەمە خزمەتی گوڤاری گوڵان، چونکە بۆ من گوڵان هەموو کات سەرچاوەیەکی گرنگی بەخشینی زانیاری و بابەتی گرنگ بووە، تەنانەت زۆرجار لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیانم گۆڤاری گوڵانم وەك سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بەکارهێناوە، لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیشمدا تایبەتمەندیی خۆی هەبووە.

گوڵان لەنێو فەرهەنگی کوردەواریدا ناسنامەیەکی بۆ خۆی دروست کرد، چونکە لە رۆژگارە تایبەتمەندەکانی دوای راپەڕینی ئازار لە و ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو لە ساتەوەختێکی زۆر هەستیاردا سەرەتایەکی نوێی لە ژیانی رۆژنامەنووسی و بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی کوردەواریدا تۆمار کرد. لەو کاتەدا شۆڕشێکی هزریی خوڵقاند کە یەکەمجار بوو لەجیهانی رۆژنامەگەریدا رووبدات و رێڕەوی بۆ خوێنەر رووناك کردەوە، ئێستاش کاتێك گۆڤارەکە دەبینم ئەو ساتانەم دێتەوە یاد، کە بۆ ئێمەی قوتابیانی کچ بە هۆی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چوونە نێو کتێبخانەکان تا رادەیەك مەحاڵ بوو، بەڵام خۆشەویستی و تامەزرۆییم هێز و توانای پێ دەبەخشیم هەتا هەفتانە ژمارەکانی گوڵان پەیدا بکەم و بە وردی چاودێریی هەموو بابەتەکانی بکەم .

## گوڵان شۆڕشێکی هزری دروستکرد

هەفتەنامەی گوڵان ئەوکات گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی لە جیهانی رۆژنامەگەریدا کرد، چونکە بابەتەکانی هەڵگری پەیامی گەنجان بوون، سەرەڕای هەمەڕەنگی و نوێگەری لە کارەکەیدا، لەنێو لاپەڕەکانیدا بابەتی فەلسەفی و کۆمەڵایەتیی زۆر نایاب بڵاو دەکرایەوە، کە سەرنجی هەمووومانی بۆ خۆی راکێشابوو، چونکە بە راستی جیاواز بوو. ئێمەش سەرەڕای ئەوەی را و سەرنجی خۆمان لەسەر بابەتەکان دەخستەڕوو، لە هەمان کاتدا لە کاتی توێژینەوە و راپۆرتەکانماندا لە زانکۆ، سوودێکی زۆر باشمان لە وتار و بابەتەکانی گوڵان دەبینی، بگرە وەك سەرچاوەیەکی نایاب سوودمان لێ وەردەگرت. ئەوکات لاوان و قوتابیان لەنێو هۆڵەکانی خوێندنیشدا چاوەڕوان بووین ژمارەیەکی نوێی هەفتەنامەی گوڵانمان دەست بکەوێت، بۆ ئەوەی بتوانین لە رێگەیەوە زانیاریی دەرەکی بەدەست بهێنین. بۆیە دەتوانم بڵێم: هەفتانەی گوڵان لەو سەردەمەدا شۆڕشێکی هزری دروستکردبوو.

## هەڵگری پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ئەمڕۆ گوڵان هەڵگری پەیامێکی زۆر پیرۆز و نایابە، بە بابەتە تایبەتمەندەکانی خزمەتی خوێنەری کورد دەکات، زۆرترین دیمانە و راپۆرتی نایابی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ناوخۆ و وەرزشی و تەندروستی لەنێو لاپەڕەکانیدا ئامادە کراوە، لە هەموو ژمارەکانی گوڵاندا پسپۆڕ و شارەزایانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆ و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی جیهان لێدوان بۆ گوڵان دەدەن، تەنانەت زۆر لەو سیاسەتمەدارانە تا ئێستا گوڵان وەك تاکە راگەیاندنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسن، دەکرێت بڵێم: گوڵان لە کێبڕکێی رۆژنامەی شەرقولئەوسەت و حەیاتی لەندەنی دادەنرێت و پارسەنگێکی لەنێو



## مەیادە محەمەد نەجار

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

فەرهەنگەکانی راگەیاندندا دروست کردووە. لە بەر ئەوەی زۆرجار لێکۆڵینەوەکانی وەها بەهێز دەبن، وەك توێژینەوەیەکی جیهانی دەکرێت سوودیان لێ وەربگیردرێت، بەتایبەتی ئەگەر هەر مرۆڤێك بیەوێت لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی جیهان تێبگات، دەتوانێت سوودێکی باش لە گوڤاری گوڵان وەربگرێت. دەکرێت بڵێین: لەنێو لاپەڕەکانی گوڤاری گوڵاندا سیاسەتی وڵاتە زلهێزەکان رەنگدانەوەی هەیە.

وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاتێك لە بەغدا دەگەڕێمەوە، یەکەم کارم خوێندنەوەی تەواوی ژمارەکانی گۆڤاری گوڵانە و شرۆڤەی لە زهنی خۆمدا بۆ دەکەم، لەبەر ئەوەی ناتوانم دەستبەرداری ئەم گۆڤارە ئازیزە بم، کە هەر لە دەستپێکەوە تا ئێستا بابەتە سیاسییەکانی دەرگایەکی والایە بۆ تێگەیشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی و جیهانی کە خۆی لەخۆیدا گرنگیی زۆری بۆ خوێنەر هەیە، بەتایبەتی راپۆرتە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی کە باشترین دەرگایە بۆ شارەزابوون لە هەڵویستی زلهێزەکان و شرۆڤەکردن بۆ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان. دەتوانم بڵێم دۆسیەی سیاسیی گوڵان هێندە زانیاری تێدایە، زۆر لە راپۆرتەکانی شەرقولئەوسەت و جەزیرە دەوڵەمەندتر و پڕزانیاریترە.

دواتر گوزەرێك بەنێو لاپەڕەکانی راپۆرتەکانی ناوخۆدا دەکەم، گشت شاروشارۆچکەیەکی کوردستان لەنێو فایلی ناوخۆدا باسکراوە لە رێگەی هاووڵاتیان و لایەنی پەیوەندیدار شرۆڤە بۆ کێشەکان کراوە، پاشان دۆسیەی کۆمەڵایەتی، ئەو دۆسیەیەی کە سەرجەم بابەتە کۆمەڵایەتی و گرفتەکانی کۆمەڵگەی بۆ خوێنەر شرۆڤە کردووە، بە راپۆرتە نایابەکانی خزمەتی کۆمەڵگە دەکات، بە شێوازێکی پرۆفیشناڵانە لە رێگەی پەیامنێرەکانیانەوە لە هەموو پارچەیەکی کوردستانەوە لێکدانەوە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و چارەسەریشی لە رێگەی پسپۆڕ و توێژەری کۆمەڵایەتییەوە دەخەنەڕوو. لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت، دۆسیەی کۆمەڵایەتیی گوڵان بە درێژایی ساڵانی رابردوو زۆرترین گوشاری بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەتان و گرنگیدان بە تواناکان و بەشداریی ئافرەتان لە پرسە سیاسییەکاندا دروست کردووە، بۆ ئێمەی ئافرەت زۆر گرنگە بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ بابەتەکان بکەین. هەروەها دۆسیەی وەرزشی و دۆسیەی تەندروستی و سەرجەم فایلەکانی دیکەی بەبابەتی دەوڵەمەندن و خزمەتی خوێنەر دەکەن. بۆیە بە راستی گوڵان چۆن لە رابردوودا پێشەنگ بووە، ئەمڕۆش پێشەنگی نوێبوونەوەیە لە جیهانی رۆژنامەگەریدا.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم: ناتوانم بە نووسینێکی وەها کورت لێکدانەوە بۆ گۆڤارێکی وەها نایاب بکەم، بۆیە بە پێویستی دەزانم لە ساڵیادی دەرچوونی ئەم گۆڤارەدا چەند هەنگاوێك بنرێت، لەوانە: گۆڤاری گوڵان بکرێتە دەزگایەکی ئەکادیمیی بەرفراوان بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەلایەکی دیکەوە دەکرێت لە چوارچیوەی گۆڤارەکەدا پاشکۆی تایبەت لە شێوازی نامیلکەدا دیاری بکرێت، هەرجارەو تایبەت بێت بە تەوەرێکی رۆژ، کە باسی بابەتە هەنووکەییەکان بکات.



د. فرسەت سۆفی
ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر دواکەوتووە و نابێت لەمە زیاتر دوابکەوێت

# دەرفەت هەیە بە پشتبەستن بە ئەزموونی رابردوو قۆناغی باش ببڕین و بەرەوپێش بچین

**پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم زۆری خایاند، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان بە چاوی ئومێدەوە سەیری ئەم کابینەیە دەکەن، گەورەترین ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم پێکهێنانی کابینەکە چین؟ گرنگترین ئەولەوییاتی بەرنامە و کاری کابینەکە چییە؟ ئەم پرسانە و چەند پرسێکی پەیوەندار بوونە تەوەرەی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر فرسەت سۆفی پەرلەمانتاری پێشوو و ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان کە لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی دووەمی بۆ کراوە، بەڵام لەبەر رێککەوتنی پارتی و یەکێتی ئەم پرسە بۆ هەفتەیەك دواخرا، ئایا لە ماوەیەکی کورتدا یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم پەسەند دەکرێت؟ ئایا چەندی دی دەخایەنێت تا سەرۆکی هەرێم دەست بەکار دەبێت؟**

- مەسەلەی پەسەندکردنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەوێتە سەر ئەو رێککەوتنەی کە لە چەند رۆژی داهاتوو لەسەر پۆستەکان ئەنجام دەدرێت، پاشان راستەوخۆ کار لەسەر یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم دەکرێت، واتە تێپەڕاندنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەستراوەتەوە بەو رێککەوتنەی کە لەنێوان لایەنەکان لەسەر پۆستەکان دەکرێت. رێچکەیە یاساییەکەش ئەوەیە کە دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەوا سەرۆکی هەرێم-سەرۆکی حکومەت ناوزەد دەکات، واتە سەرۆکی حکومەت رادەسپێرێت تاوەکو لە ماوەی ٣٠ رۆژدا کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنێت و لەبەردەم پەرلەمان سوێند بخوات.

*** پێت وانییە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت زۆری خایاند؟ بە مەزندەی ئێوە ئاستەنگەکانی بەردەم کابینەی داهاتوو چین؟**

- منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام بەوەی پێکهێنانی کابینە زۆر دواکەوتووە و لەمە زیاتر زیان بە گوزەرانی خەڵك و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و سەقامگیری بازاڕ دەگەیەنێت. بۆیە زۆر بە راشکاوانە دەبێت بڵێین نابێت لەمە زیاتر پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوابکەوێت و پێویستە بە زووترین کات حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەش، لە هەموو بارودۆخێکدا ئاستەنگ و تەحەددی هەیە، هەروەکو چۆن دەرفەتیش هەیە، ئێمە لە قۆناغی داهاتوودا پێویستیمان بەوە هەیە خۆمان بۆ تەحەددییە ناوخۆ و دەرەکییەکان ئامادە بکەین. ئەوەی پەیوەستە بە تەحەددییەکانی حکومەتی عێراقەوە، ئەوا پەیوەستن بە پرسی ناردنی مووچە و مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی فرۆشتنی نەوتەوە تا ئەو دۆسیيانەی کە بە هەڵپەسێردراوی لە نێوانمان ماوەتەوە چارەسەر

**مەبەست لە یاسای چاکسازی، بڕینی قووت و گوزەرانی خەڵک نییە، بەڵکو گەڕانەوەی مافە بۆ خاوەن ماف و لابردنی ئەو نادادپەروەرییەیە کە کۆمەڵێک خەڵک بەبێ ئەوەی مافیان بێت، مووچە وەردەگرن**

**ئەزموونی خراپی خولی پێشووی پەرلەمان هەموومانی فێرکرد تا وانەیەک وەربگرین، بەوەی بە ململانێ و یەکتر سڕینەوە هیچمان دەست ناکەوێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لەم خولەدا هێزی یەکەمە و زۆرینەی وای لەبەر دەستدایە کە بەم زۆرینەیە دەتوانێت لە ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا سەقامگیری دروست بکات**

**پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە کە نابێت پەرلەمان هیچ پرۆژە یاسایەک گفتوگۆی لەسەر بکات، ئەگەر تەبەعییاتی دارایی هەبێت و بێ ڕەزامەندیی حکومەت بێت**

**خەڵکی دەنگی بە ئێمە داوە بۆ ئەوەی خزمەتیان بکەین و لە پێناوی خەڵکدا کار بکەین، بۆیە دەبێت ئەم قۆناغە قۆناغی خزمەتکردنی خەڵک بێت و قۆناغی تێپەڕاندنی ملشکاندنی یەکتر بێت**

بکرێن، لەسەر ئاستی ناوخۆش زۆرگرنگە رووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە و هەنگاوی گەورە بەرەو بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکان و کاراکردنەوەی رۆڵی چاودێری بنێین، هاوکات دەرفەتیش هەیە بەوەی بە پشتبەستن بە ئەزموونی رابردوو بتوانین قۆناغی باش ببڕین و بەرەو پێشەوە بچین.

*** خەڵکی کوردستان بە چاوی ئومێدەوە سەیری کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئایا تاچەند کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەولەوییەت دەداتە پرۆژە یاسای چاکسازی کە بە درێژای کابینەی پێشوو ئێوە و چەند پەرلەمانتارێکی دیکە سەرقاڵی بوون؟**

- بەدیدی من یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی ئەم حکومەتەی داهاتووی کوردستان کە لەسەری بنیاد دەنرێت و بەپێی ئەو رێککەوتنە سیاسییەی لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی هەمانە بریتی دەبێت لە پرۆسەی چاکسازی و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ئەمە ئەرکی هەرە پێشینەی کابینەی داهاتووی حکومەتی کوردستانە و دەبێت و دەشتوانین هەنگاوی باش لەم رووەوە بنێین، لەبنەڕەتیشدا مەبەست لە یاسای چاکسازی، بڕینی قووت و گوزەرانی خەڵك نییە، بەڵکو گەڕانەوەی مافە بۆ خاوەن ماف و لابردنی ئەو نادادپەروەرییەیە کە کۆمەڵێك خەڵك بەبێ ئەوەی مافیان بێت، مووچە وەردەگرن، یان دەوام ناکەن و مووچەیان هەیە، یان شایستە نین و دوو مووچە وەردەگرن. واتە مەبەست لە رێکخستنەوەی کاری ئیداری و دارایی، بڕینی قووتی خەڵکی نییە، بەڵکو بۆخۆشکردنی گوزەرانی خەڵکە.

*** لە خولی پێشووی پەرلەماندا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوویت، زۆر جاران تێبینی ئەوە دەکرا کە ناسەقامگیرییەکی پەرلەمانی لەناو پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، بۆیە پەرلەمان نەیدەتوانی وەك پێویست هاوکاری حکومەت بکات، یان لە پرۆسەی پەسەندکردنی یاسا و بڕیارەکاندا، رەچاوی تواناو ئیمکانیەتی حکومەت بکات، ئایا پێت وایە ئەدای خولی ئەمجارەی پەرلەمان باشتر دەبێت؟ ئایا ئەو فاکتەرانە چین کە وادەکەن ئەدای خولی ئەمجارەی پەرلەمان باشتر بێت؟**

- خولی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێشوو باشتر دەبێت. من گەشبینم بەوەی پەرلەمان هاوکار و پشتیوانی حکومەت دەبێت لە پرۆسەی چاکسازیدا، ئەم گەشبینییەی منیش بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە:

١. ئەزموونی خراپی خولی پێشووی پەرلەمان هەموومانی فێرکرد تا وانەیەك وەربگرین، بەوەی بە ململانێ و یەکتر سڕینەوە هیچمان دەست ناکەوێت..

٢. پارتی دیموکراتی کوردستان لەم خولەدا هێزی یەکەمە و زۆرینەی وای لەبەر دەستدایە کە بەم زۆرینەیە دەتوانێت لە ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا سەقامگیری دروست بکات.

٣. سێ هێزی سەرەکی لە کوردستان (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) پێکەوە لەناو یەك حکومەت کۆدەبنەوەو ئەگەر پەرلەمانتارانیان لەناو پەرلەمان پاڵپشتی حکومەت بکەن، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چاکسازی، ئەوا حکومەتیش سەقامگیر دەبێت هەروەکو پەرلەمان.

ئەم سێ خاڵە وادەکات ئەم خولەی ئەمجارەی پەرلەمان ئەدای خۆی باشترو کاراتر بکات لە جارانی پێشوو.

*** بەڵام هەر لە ئێستاوە هەندێك لە پەرلەمانتارانی لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە باس لە پرۆژەی جۆراوجۆر دەکەن و خۆیان دەکەنە خاوەنداریتی هەندێك پرۆژە کە رەنگە لەم قۆناغەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەتوانایدا نەبێت جێبەجێیان بکات، پێت وایە ئەمە چۆن رێك دەخرێت؟**

- هەر خۆی لە خۆیدا لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە کە نابێت پەرلەمان هیچ پرۆژە یاسایەك گفتوگۆی لەسەر بکات، ئەگەر تەبەعییاتی دارایی هەبێت و بێ رەزامەندیی حکومەت بێت، ئەمە نەریتێکی دانپێدانراوە لە هەموو دنیادا کە هەر شتێك ئیلتیزاماتی

دارایـی لەسـەر دەوڵـەت دروسـت بـکات، ئـەوا دەبێـت لەلایـەن حکومەتـەوە ڕەزامەنـدی لەسـەر بدرێت، پەرلەمانتاریش باش لەم عورفە دەزانێت کـە لـە پەیـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمانـدا هاتـووە، بەوەی یەکێك لە مەرجەکانی خوێندنەوەی هەر پرۆژەیەك لە پەرلەماندا دەبێت بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت دروست نەکات، بۆیە ئەگەر پرۆژەیەکیش بۆ پەرلەمان بنێردرێت و قورسایی دارایی لەسەر حکومەتی دروست بکات، ئەوا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ناکرێت و ڕەتدەکرێتەوە.

*** بەو سیفەتەی کارێکی زۆرت لەسەر پرۆژەی حوکمڕانیی دروست و چاکسازی کردووە، ئایا پێت وایە دەبێت ئەولەوییاتی کارەکانی ئەم کابینەیە چی بن؟**

- چاکسازی و ڕێکخستنەوەی سیستەمی بانکی و دارایی و تەرشیقکردنی هەیکەلی حکومەت و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دامەزراوەکان و دانانی خەڵکی شیاو بۆ شوێنی شیاو و وەرگرتنی کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ لە بارەی کەرتی گشتی و مووچەخۆران و چاکسازیی لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی کابینەی نوێ دەبێت، هەروەها گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی و داودەرمان و چاکسازیی لە سیستەمی هەموو ئەوانە دەبێت لە پێشینەی کاری حکومەتی داهاتووی کوردستان بێت.

*** جیا لەوەی پەرلەمانتار بوویت لە خولی پێشوو، بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێش ئەندامی شاندی دانوستاندنی پارتی بوویت لەگەڵ حزبەکانی دیکە، ئایا لەو کۆبوونەوانەدا پارتی پتر ڕەچاوی چی کردووە؟**

- ئێمە وەکو پارتی هێزی زۆرینە و یەکەمین لە هەرێمی کوردستان، خەڵکی دەنگی بە ئێمە داوە بۆ ئەوەی خزمەتیان بکەین و لە پێناوی خەڵکدا کار بکەین، بۆیە دەبێت ئەم قۆناغە قۆناغی خزمەتکردنی خەڵك بێت و قۆناغی تێپەڕاندنی ملشکاندنی یەکتر بێت، واتە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە ژیانێکی خۆشگوزەران و سەقامگیر و دوور لە توندوتیژی بۆ خەڵك دەستەبەر بکەین. بۆیە ئامانجی هەرە گەورەی پارتی دیموکراتی کوردستان ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانە و هاووڵاتی تەوەری هەموو شتێکە لای پارتی.

*** باس لەوە دەکرێت کە پێکهێنانی کابینەی تازە زۆر گرنگە لەبەر ڕێککەوتن لەسەر کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئایا لەم ڕووەوە تاچەند گەشبینی بە ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەرێم لەسەر کێشەکانی نێوانیان؟**

- ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت کاریگەریی زۆر باشی دەبێت لەسەر گفتوگۆکان و دانوستانەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، بۆیە ئومێدەوارم پەلە لەم کابینەیە بکرێت و دامەزراوەکان بکەونە سەر ڕێچکەی ئاسایی و یاسایی خۆیان. من دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە لە دوای داخستنی سنوورەکان بە ڕووی کوردستان و چەقبەستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئەوا ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی حکومەتی کوردستان، وەك کەسایەتییەکی دیپلۆماتی و سەرکردەیەکی کاریزما ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو. لە ژێر ڕاسپاردەو ڕێنمایی جەنابی سەرۆك بارزانی، کاك نێچیرڤان بووە فریادڕەسی دەرچوون لە کۆمەڵێك تەحەددا و هەڕەشەی گەورە .

*** کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی تا چەند لە ناو حکومەتێکی بنکەفراواندا کە پێشتر ئەزموونێکی سەرکەوتووی نەبووە، دەتوانێت بە سەر هەموو کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم بووژانەوەی ئابووری و خۆشگوزەرانیی خەڵکی سەربکەوێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە من زۆر متمانەم بە ڕۆڵی بەڕێز مسرور بارزانی هەیە و پێموایە بەڕێزی بەو ئیرادە بەهێزەی هەیەتی، دەتوانێت حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنێت، کە درێژەپێدەری دەستکەوتەکانی ڕابردوو بێت و دەستکەوتی زۆر زیاتریش بۆ گەلی کوردستان بەدی بهێنێت. بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان هاوکاری کاك مسرور بین بۆ ئەوەی کوردستان بەرەو کەنارێکی ئارام ببەین و داهاتوی میللەت و کۆمەڵگەمان گەشتر بێت. هەروەها پێم وایە کاك مسرور یەکێکە لەو سەرکردە و کاریزمایانەی شەو و ڕۆژ دەخاتە سەر یەك لە پێناو ئەوەی زۆرترین خزمەت پێشکەش بە میللەتەکەی خۆی بکات و دڵنیاشم لەم ئەزموونەدا سەرکەوتوو دەبێت.

**لە ژێر ڕاسپاردەو ڕێنمایی جەنابی سەرۆک بارزانی، کاك نێچیرڤان بووە فریادڕەسی دەرچوون لە کۆمەڵێک تەحەددا و هەڕەشەی گەورە**

**ئامانجی هەرە گەورەی پارتی دیموکراتی کوردستان ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانە و هاووڵاتی تەوەری هەموو شتێکە لای پارتی**

**زۆر متمانەم بە ڕۆڵی بەڕێز مسرور بارزانی هەیە و پێموایە بەڕێزی بەو ئیرادە بەهێزەی هەیەتی، دەتوانێت حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنێت، کە درێژەپێدەری دەستکەوتەکانی ڕابردوو بێت و دەستکەوتی زۆر زیاتریش بۆ گەلی کوردستان بەدی بهێنێت**

# سیستەمی ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن

**نهێنیی سەرکەوتنی سیستەمی ئەمنی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بەرفراوانی و قووڵایی یاساکانی و رۆڵی راوێژکاری ئەنجومەن بە پلەی سەرەکی و پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە دەگەڕێتەوە**

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن بۆ سیستەمی ئەمنی لە هەر کیانێك، یان کۆمەڵگەیەك، سەرەتا پێویست بەوە دەکات کە ئاماژە بکرێت بە تەمومژی ئەم چەمکە و تایبەتمەندیی رێژەیی، ئەمن بە مانای هاودژی ترس و رزگاربوونە لە ترس، لەو بارەوە بۆچوونی جیاجیا هەیە، سەرەتا بۆچوونە کلاسیکی و سەربازییەکان، هەروەها بۆچوونەکانی گەشەپێدانی فراوان، لەدوای ئەوش بۆچوونی رێکخستنەوەی پێداویستییە ئەمنییەکانە، لە بۆچوونی هاوچەرخدا کە بۆچوونی قوتابخانەکانی (پاریس، کۆبنهاگن، ویلز)ـە بۆ دیراساتی ئەمنی، یان بە ئەمنکردن وەك تیۆر و پراکتیك، بەم بۆچوونە ئەمن تەنیا ئەرکی دەوڵەت نییە، بەڵکو کاراکتەری دیکە هەن، وەك سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کە کاریگەرییان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، بۆیە چەمکی ئەمنیی کۆمەڵایەتی ئێستا لە دیراساتی ئەمنی جێی خۆی هەیە، بەڵگەش ئەوەیە جیهان بەرەو بەتایبەتکردنی کەرتی ئەمنی دەڕوات (خصخصة الامن) و خۆی لە چوارچێوەی کۆمپانیا ئەمنییەکاندا دەبینێتەوە، هەروەها شیکردنەوەی نەخشە و ژینگەی ئەمن لە کیان و کۆمەڵگە، ئاماژە بەوە دەکات، کە زۆر دامەزراوە هەن، وەك دامەزراوەی دروستکردنی بڕیار (پەرلەمان، حکومەت، سەرۆکایەتیی دەوڵەت، دامەزراوەی ئابووریی پەیوەست بە سیستەمی ئابووری و پەیوەندییە ئابوورییەکان، دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگە، دامەزراوەی دیپلۆماسیی پەیوەست بە پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان) گرنگترین دامەزراوەش خۆی لە دامەزراوەی ئەمن و بەرگریدا دەبینێتەوە، وەك دامەزراوەیەکی پەیوەست بە پاراستنی هاووڵاتی و کیان لە مەترسی و هەڕەشەکانی ناوخۆ و دەرەوە.

شیکردنەوەی سیستەمی ئەمنی پێویستە بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ژینگەی ناوخۆیی ئەمنە، کە بریتییە لە مەسەلەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا، مەسەلەکانی سیستەمی حزبی سیاسی، بەشداریی سیاسی، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسی، ژینگەی دەرەوە کە پەیوەستە بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی وەك: ئیقلیمی، نێودەوڵەتی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا مەسەلەی ئەندازەی ئەمنی بایەخێکی باشی پێدەدرێت، لە بەئەندازەکردنی دارشتنی سیاسەتی ئەمن، هەروەها کردەوە ئەمنییەکان بە بەشێکی گرنگیی سیستەمی ئەمنی هەژمار دەکرێن، ئەمڕۆ مەشقی ئەمنی و ئامادەکردنی کادیری ئەمنی رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە سیستەمی ئەمنیدا، بە مانای بوونی ئەکادیمییەکانی ئەمنی و بەرگری و سەنتەرەکانی توێژینەوە و دیراساتی ئەمنی، ئەویش بە ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕی ئەمنی.

قەیرانەکانی ئەمنی: سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، چۆنێتی بەڕێوەبردنی بابەتێکی گرنگی سیستەمی ئەمنییە.

لە سێ دەیەی رابردوودا چەمکی جیهانگەرایی ئەمنی (العولمة الامنیة) هاتۆتە کایەوە، بە تێپەڕاندنی سنوورەکان لە بواری چالاکیی ئەمنی بەتایبەتی لە رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی: تیرۆر، مادده هۆشبەرەکان، کۆچکردن و پەناهەندەیی، نەخۆشییە مەترسیدارەکان، تاوانی رێکخراو، سیخوڕی. ئاوڕدانەوەیەك بۆ سیستەمی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە تا راددەیەك بەرەو رێکخستنی یاسایی چووە، کە خۆی لە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە چواری ساڵی ٢٠١١ و یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە پێنجی ساڵی ٢٠١١ دەبینێتەوە، لە راستیدا ئەم دوو جۆرە یاسایانە بە هەنگاوێکی باش



د.نەژدەت ئاکرەیی
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

و پێشکەوتوو هەژمار دەکرێن، هاوکات بوونەتە پێوەری سەرکەوتن و پێشکەوتنی سیستەمی ئەمنی لە هەرێم، ئەرکی دامەزراوەکانی ئەمنی بریتین لە: دابینکردن و مسۆگەرکردنی ئاسایش و ئارامی لە هەرێمدا، پاراستنی بنەماو پرەنسیپەکانی دەستووری و یاسایی، کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەڕەشەیەك، پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە تاوانەکانی: مەترسیدار، بەرنامە بۆ دارێژدراو، ماددەی هۆشبەر، تەزویر، گەندەڵی، کارگێڕی و دارایی و شۆردنەوەی سامان، سیستەمی زانیاری، تیرۆر، کاری سیخوڕی، پەیوەندیکردن، فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان، کاروباری پەنابەران و ئاوارە و بیانییانی نیشتەجێ، ئاسایشی خۆراك و تەندروستی، ئاسایشی وزە، ئاسایشی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و نێردەی دیپلۆماسی و کونسوڵخانەکان، ئاسایشی بارەگا و پێکهاتەکانی پێشمەرگە، پاراستنی ئازادیی گشتی و تایبەت بە گوێرەی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئاسایشی دەزگاکانی دەستووری و یاسایی (پەرلەمان، حکومەت، دادوەری، کەسایەتی و دەزگاکان، ئاسایشی کاری سیاسی و مەدەنی و پیشەیی، پارێزگاریکردن لە کەلەپوور و کولتووری گەلی کوردستان بە تێکڕای پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی، کۆکردنەوەی زانیاری و دەستنیشانکردنی جموجۆڵەکان لەبارەی هەڕەشەی ناوخۆ بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمدا و هەڵسەنگاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی، هاوکات بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵایەتی، مسۆگەرکردنی ئاسایش و سەلامەتی و نهێنیی گەیاندن و سەلامەتیی هاتن و چوون، پارێزگاریکردن لە شوێنانی خوداپەرستی و جێگەی ئایینی، مسۆگەرکردنی ئاسایش و سەلامەتیی ناوەندەکانی گەشتیاری و جێگەی شوێنەوار و مێژووی شوێنەوارەکان.

هەیکەلی ڕێکخستنی سیستەمی ئەمنی لە هەرێم بریتییە لە بوونی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بە سەرۆکایەتیی ڕاوێژکار و دامەزراوەکانی (دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی، ئاژانسی پاراستن و زانیاری)، ئەم ئەنجومەنە پلان بۆ سیاسەتێکی ئاسایش دادەنێت و ڕێکیدەخات و هەماهەنگی لەنێوان تێکڕای دەزگاکانی پەیوەندیداردا بەدیدەهێنێت، ئەم ئەنجومەنە سەر بە سەرۆکایەتیی هەرێمە و دەزگای ئاسایشی گشتی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە.

لە ڕاستیدا نهێنیی سەرکەوتنی سیستەمی ئەمنی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بەرفراوانی و قووڵایی یاساکانی و ڕۆڵی ڕاوێژکاری ئەنجومەن بە پلەی سەرەکی و پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا بۆ زیاتر پێشڤەچوونی سیاسەتی ئەمنی پێشبینیی ئەوە دەکەین کە ئەکادیمیای ئەمنی و بەرگری پێکبهێنرێت، بۆ ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕی ئەمنییش پەیمانگای دیپلۆماسی، سەنتەری دیراساتی ئەمنی بێنەکایەوە، هەروەها سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە هەیکەلیەتی دامەزراوە ئەمنییەکان بکرێت لەسەر بنەمای سوودوەرگرتن لە پسپۆڕ و شارەزایانی ئەکادیمی و بایەخدان بە بابەتی کۆمپانیاکانی ئەمنی و عەسکەریی تایبەت و دانانی سیستەمێکی تایبەتی خزمەتی ئەمنی، سوودوەرگرتن لە دامەزراوەکانی ئەکادیمیی وەك زانکۆ و پەیمانگاکان و ئەزموونی ئەمنیی وڵاتان، بوارەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی.

لە کۆتاییدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە لە مەودای ستراتیژیی دووردا بۆ سیاسەتی ئەمنی بە شێوازێکی پێشکەوتوو لە دەستووری داهاتووی کوردستان پێویستە بیر لە پێکهاتەی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بکرێتەوە، کە پێکهاتەکەی بریتی بێت لە گرووپەکان: وەزارەتی پەیوەندیدار، پەرلەمان، پسپۆڕانی ئاسایش و بەرگری، سەنتەری شیکردنەوەکانی ئەمنی.

**بۆ زیاتر پێشڤەچوونی سیاسەتی ئەمنی پێشبینیی ئەوە دەکەین کە ئەکادیمیای ئەمنی و بەرگری پێکبهێنرێت، بۆ ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕی ئەمنییش پەیمانگای دیپلۆماسی، سەنتەری دیراساتی ئەمنی بێنەکایەوە**



پەرلەمانتار د. ئەحمەد سەفار

ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# دژایەتییەکی زۆری سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکرێت و پێویستە کورد پشتیوانیی بکات

# هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن ئەگەر خزمەتگوزارییەکان باش نەکرێن بارودۆخی عێراق بەرەو تەقینەوە دەچێت

**دژایەتیکردنی هەندێك لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە و گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان هەرێم و عێراق و پێشبینی و ئەگەرەکانی پشکی کورد لە بودجەی عێراقدا، تەوەرەی سەرەکیی پرسیارەکانی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد سەفار پەرلەمانتاری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق پێکدەهێنن.**

*** دیارە لە خولی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا لایەنە کوردستانییەکان جۆرێك لە تەوافوقیان لەسەر پشکی کوردستان لە بودجەی عێراقدا بەدەست هێناوە، خوێندنەوەت بۆ ناردنی پشکی بودجەی کوردستان بە بەردەوامی لە ساڵی ٢٠١٩ چۆنە؟ ئایا مەزندە دەکەیت هیچ ئاستەنگێك بۆ ئەم پشکە دروست ببێت؟**

- بودجەی ٢٠١٩ی عێراق من پێموایە بودجەیەکی ئیستیسنائییە و بە تەوافوق و رێژەی راستەقینە دانەنراوە، چونکە کاتێك ئێمە لە پەرلەمان دەست بەکار بووین، شوێنەوارەکانی بارودۆخی عێراق لەسەر سەرجەم بوارەکانەوە دیار بوون، بارودۆخی خراپی ساڵانی پێشوو کاریگەریی سلبیی لەسەر عێراق بەجێهێشتووە، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەشەوە هەیە لای هەمووان ئاشکرایە کە رێژەی پشکی کورد لە بودجەکە لە ١٧٪ بوو بە ١٢٪ و ناوی هەرێمیش نەمابوو، کرابوو بە پارێزگاکان و خەرجیی سەروەرییش لە ٢٠ برگەوە بۆ ١٠٥ برگە زیادکرابوو، وێرای ئەوەی ماوەی نزیکەی چوار ساڵ بوو پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە نەنێردرابوو، ئەمە سەرباری خراپبوونی هەڵوێست و کاری عەرەب بەرامبەر کورد کە لەدوای پرۆسەی ریفراندۆمەوە زۆر خراپ بوو، بۆیە کارکردنمان لەسەر بودجە ئاسان نەبوو و بگرە زۆر قورس بوو، دەتوانم بڵێم گەڕاندنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان و مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە وەکو شۆڕشێك وابوو، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو دژایەتی و فشارانەی کە هەندێك لە پەرلەمانتاران و کوتلە سیاسییەکانی عێراق لەبەرامبەر ناردنی ئەو بڕە پارەیەی مانگانە بۆ مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە هەیانبوو، کە لەم روانگەیەوە فشار دەکەن لەسەر ئەوەی دەبێت حکومەتی هەرێمی بێتەپێش، ئیدی بە رادەستکردنی نەوت بێت، یان ناردنی داهاتی خاڵە سنوورییەکان، ئەگەرنا پێگەی ئێمە بەهێز نابێت. بودجەی ئەمساڵ لەسەر بنەمای یاسایی و دەستووری نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای دانوستاندنە، کە ئێمە هیوادارین هەوڵ و کۆششی زیاتر بکرێت بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانمان لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە، وەك کێشەی نەوت و غاز و پرسی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٤ تاوەکو ٢٠١٨.

**سەردانەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا رۆڵ و کاریگەیی گەورەی لە ئاساییبوونەوەی دۆخەکە هەبووە، سەردانەکەی جەنابیان بۆ لای هەموو هێزە عێراقییەکانی شیعە و سوننە، لە گۆڕینی راوبۆچوونی زۆر لە کوتلە سیاسییەکانی عێراق کاریگەریی راستەوخۆی هەبوو**

**گەڕاندنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان و مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە وەکو شۆڕشێک وابوو، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو دژایەتی و فشارانەی کە هەندێک لە پەرلەمانتاران و کوتلە سیاسییەکانی عێراق لەبەرامبەر ناردنی ئەو بڕە پارەیەی مانگانە بۆ مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە هەیانبوو**

**هاتنی شاندەکانی هەرێم بۆ بەغدا بۆ ئێمە زۆر گرنگە تاوەکو پارێزگاری لەهەموو دەستکەوتەکانی بەدەستهاتوو بکەین و سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی عێراقیش لە ئیحراجی دەربهێنین**

**عێراقییەکان وا خراوەتە ناو زهنیانەوە کە ئەو پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێت بێ بەرامبەرە، نوێنەرەکانی زیقار و بەسرا و زۆر لە پەرلەمانتارەکانی دیکەی عێراق دەڵێن ئەمە خیانەتە لە ئێمە کراوە کە نەوتی ئێمە دەفرۆشرێت و دەدرێت بە کورد**

**وەزیری نەوتی عێراق راپۆرتێکی بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ناردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە لە مانگی یەک و دوو و نیوەی مانگی سێی ئەمساڵەوە هەرێم رۆژانە ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوت دەنێرێت بۆ بەندەری جیهان و دەیفرۆشێت**

*** وەك ئاشكرایە سەرەڕای فشار و دژایەتییەکان تا رادەیەك پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق بەرەو ئاساییبوونەوە چووە، ئایا ئەم ئاساییبوونەوەیە تاچەند کاریگەریی لەسەر چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان و بەتایبەتی کێشە داراییەکان و بەدەستهێنانی موستەحەقاتی دارایی هەرێم هەیە؟**

- سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا رۆڵ و کاریگەریی گەورەی لە ئاساییبوونەوەی دۆخەکە هەبووە، سەردانەکەی جەنابیان بۆ لای هەموو هێزە عێراقییەکانی شیعە و سوننە، لە گۆڕینی راوبۆچوونی زۆر لە کوتلە سیاسییەکانی عێراق کاریگەریی راستەوخۆی هەبوو، ئەو سەردانە زەمینەیەکی لەباری بۆ ئێمە دروست کردووە تاوەکو بتوانین گفتوگۆ و دانوستاندن بکەین و ئەو دەرئەنجامانە بەدەست بهێنین. واتە ئەمە تەنیا کاری لیژنەی دارایی نەبوو، چونکە راستە ئێمە لە رووی عەمەلییەوە کارەکەمان کرد، بەڵام وەك دەستکەوت ئەوا هەوڵ و هیممەتی هەموو لایەنەکان بوو، بەتایبەتی جەنابی سەرۆك.

*** ئایا دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرفت و کێشە بۆ گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دروست ناکات؟**

- ئەو ئاستەنگ و کێشانەی لەبەردەم دروستبوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو، کاریگەریی هەبووە و ئیحراجیشی بۆ ئێمە دروست کردووە، چونکە رۆژانە ئەندام پەرلەمانەکانی لیژنەی دارایی گلەیی لە ئێمە دەکەن و دەڵێن ئێمە ئەوا یاسای بودجەمان دەرکرد، کەچی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەهاتۆتە پێش بۆ دانوستان و رێککەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمان، ئێمە بەوانمان وتووە ئەمە پەیوەستە بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمەوە و کاری ئەوان دەبێت و حکومەتی نوێی هەرێم سیاسەت و پلانی خۆی دەبێت، لەدوای ئەوەی حکومەتی نوێی هەرێم پێکدێت و لیژنەی پەرلەمانی فیدراڵی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق سەردانی هەولێر دەکەن و پیرۆزبایی لە کابینەکە دەکەن و گفتوگۆ و دانوستاندن ئەنجام دەدرێت لەسەر ئەم کێشەیە، کە پێویستە چارەسەر بکرێت، بەتایبەتی کێشە داراییەکانی نێوان هەردوولا، تاوەکو لە ساڵانی داهاتوو لەکاتی دانانی یاسای بودجە نەکەوینەوە کێشە. بۆیە پێویستە حکومەتی ئێستا، یان حکومەتی نوێی هەرێم دانوستانیان لەگەڵ عێراقدا هەبێت، باشترە ئەو دانوستاندنانەی دەکرێت لە نێوانیاندا، ئێمەش وەکو پەرلەمانتارانی کوردستان لە بەغدا بەتایبەتی ئێمە لە لیژنەی دارایی ئاگاداری هەموو ئەو وردەکارییانەی ناو گفتوگۆو دانوستانەکان بین، بۆ ئەوەی کاری جددی لەسەر بکەین، ئاگاداریی ئێمە لە شێوەی رێککەوتن و دانوستانەکان هاوکارمان دەبێت بۆ رێکخستن و بەدەستهێنانی شایستەیییە داراییەکانی هەرێم. لەلایەکی دیکەوە هاتنی شاندەکانی هەرێم بۆ بەغدا بۆ ئێمە زۆر گرنگە تاوەکو پارێزگاری لە هەموو دەستکەوتەکانی بەدەستهاتوو بکەین و سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی عێراقیش لە ئیحراجی دەربهێنین، بەتایبەتی دوای ئەو فشارو فشارە زۆرانەی لە لایەن عەرەبەکانەوە بەتایبەتی شیعە لەسەر ئەو دوو بەڕێزە هەیە و دەڵێن ئەو بودجەیەی پەسەند کرا، سەفقەیەکە عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ وەزیری دارایی لە بەرژەوەندیی کورد کردوویەتی.

*** باشە ئەگەر بودجە بە یاسا رێکخراییێت و پشکی هەرێمی کوردستان یەکلا ببێتەوە، ئیتر بۆچی مەسەلەی ناردنی پارەی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بۆتە کارتێکی فشار بۆ دژایەتیکردنی کورد لەبەغدا؟**

- عێراقییەکان وا خراوەتە ناو زهنیانەوە کە ئەو پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێت بێ بەرامبەرە، نوێنەرەکانی زیقار و بەسرا و زۆر لە پەرلەمانتارەکانی دیکەی عێراق دەڵێن ئەمە خیانەتە لە ئێمە کراوە کە نەوتی ئێمە دەفرۆشرێت و دەدرێت بە کورد. هەروەها ئەوان پێیانوایە پێویستە و تەنانەت حەزیش دەکەن کوردستانیش بێتە پێش و بەشدار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، لە یاسای بودجەشدا دەڵێت ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی عێراق بدات، ئەمە قورسایی لەسەر ئێمەش وەکو عێراق

کەمتر دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا ڕێککەوتنەکە وا کراوە کە تەنانەت ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەو بڕە نەوتەش رادەست نەکات، ئەوا ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە بدرێت بە هەرێمی کوردستان لە بودجەکەی دەبڕێت هەروەکو ئێستا کە تەنیا مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە دێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەگەر هەرێم بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەکە رادەستی عێراق نەکات، ئەوا پەرلەمانتارە عێراقییەکان فشار دەکەن بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە نەکرێت، بۆیە باوەڕ ناکەم ئەوەی ئەمساڵ لە یاسای بودجە بۆ هەرێمی کوردستان رازی بوون لەساڵی داهاتوو رازی بن ئەگەر بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیەتەپێش، یان لە رووی کردارییەوە هەنگاو هەڵنەگرێت و ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەغدا نەکات.

*** وەکو شارەزایەکی ئابووری و پەرلەمانتارێکیش لە لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقدا، ئایا لە رووی ئابوورییەوە پێویستە هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی رادەستکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەکە بکات؟**

- پێش دوو هەفتە وەزیری نەوتی عێراق راپۆرتێکی بۆ لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ناردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە لە مانگی یەك و دوو و نیوەی مانگی سێی ئەمساڵەوە هەرێم رۆژانە ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوت دەنێرێت بۆ بەندەری جیهان و دەیفرۆشێت، لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من وەکو ئابووریناس و شارەزایەك کە مامەڵە لەگەڵ ژمارە دەکەم، دۆخەکە وا بە باش دەبینم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕە دیاریکراوەی نەوت رادەست بکات، چونکە ئەگەر رادەستی کرد ئەوا بودجەی تەواو وەردەگرێت و لە دوای بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیلەوە دەتوانێت هەر بڕە نەوتێکی دیکەی هەبێت بیفرۆشێت. بەم شێوەیە عێراق پابەند دەبێت بە ناردنی ئەم بڕە بودجەیە، ئیدی نەوت گران بێت، یان هەرزان، ئەوا حکومەتی عێراق بەرپرسیارێتییەکەی هەڵدەگرێت و عێراقیش دەوڵەتە و بانکی مەرکەزیی هەیە و دەتوانێت قەرز بکات و دەتوانێت کێشەی خۆی چارەسەر بکات.

*** هەڵوێستی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەمەڕ ئەم دژایەتییەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا چۆنە؟**

- عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق دۆستی ئێمەیە و پشتیوانێکی باشی کوردە، بەڵام لایەنی عەرەبی فشاری زۆری لەسەر دەکەن و دەڵێن دەستی لەگەڵ کورددا تێکەڵ کردووە، تەنانەت راپۆرتی لەسەر بڵاودەکەونەوە و وێنەی بە جلوبەرگی کوردی و پێشمەرگەیەتییەوە بڵاو دەکەنەوە و دەڵێن پتر هاوسۆزە لەگەڵ کورددا و زیاتر مافی ئەوان دەدات. هەروەها دەڵێن رازی بووە بەوەی کە مانگانە بڕی ٦٨ ملیار دینار دانراوە کە بۆ یەکساڵ دەگاتە ٨١٦ ملیار دینار بۆ هێزی پێشمەرگە خەرج بکرێت، کە دەڵێن ئەو دەستی لەگەڵ کورددا تێکەڵ کردووە و پارەی عێراق دەداتە کورد. بۆیە دەبێت ئێمەش پشتیوانی بەڕێزیان بین بۆ مانەوە لەدەسەڵات، چونکە مەترسیی ئەوە هەیە کە حکومەتەکەی بڕووخێنن، ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوا زیانمەندی سەرەکی کورد دەبێت و ئینجا عێراقیش.

*** بەڵام عێراق بە دۆخێکی هەستیارو خراپی ئابووری و خزمەتگوزاریشدا تێپەڕ دەبێت، خوێندنەوەی ئێوە بۆ دۆخی ئابووریی عێراق چییە و پێویستە ئەم حکومەتەی عێراق چ جۆرە چاکسازییەك ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی بە سەر ئاستەنگ و بەربەستەکاندا زاڵ بێت؟**

- کێشەی سەرەکی لە عێراقدا گەندەڵییە، بۆ نموونە: تەنیا لە کەرتی کارەبادا کە بە ملیارەها دۆلاری تێدا خەرج کراوە، کەچی لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، ماوەیەك پێش ئێستا وەزیری کارەبا داوای ٢٠ ملیار دۆلاری کرد، ئەمەش نالۆژیکییە، چونکە ئەوە چەندین ساڵە چاککردنی ژێرخانی کارەبا لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکان بووە و ئەو پارە زەبەلاحەشی بۆ خەرج کراوە، کەچی لە نزمترین ئاستی خزمەتگوزاریدایە، خزمەتگوزارییەکانی دیکەش بەهەمان شێوە، هەربۆیە هەموان لەسەر ئەوە کۆکن ئەگەر بێت و خێرا کەرتە خزمەتگوزارییەکان باش نەکرێن، بارودۆخی عێراق بەرەو تەقینەوە دەچێت. سەرۆکوەزیرانیش تا ئێستا کابینەکەی تەواو نەبووە و بەرنامەی حکومەت و وەزارەتەکان روون نین و خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی خراپدان.

**دۆخەکە وا بە باش دەبینم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕە دیاریکراوەی نەوت رادەست بکات، چونکە ئەگەر رادەستی کرد ئەوا بودجەی تەواو وەردەگرێت و لە دوای بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیلەوە دەتوانێت هەر بڕە نەوتێکی دیکەی هەبێت بیفرۆشێت**

**عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق دۆستی ئێمەیە و پشتیوانێکی باشی کوردە، بەڵام لایەنی عەرەبی فشاری زۆری لەسەر دەکەن و دەڵێن دەستی لەگەڵ کورددا تێکەڵ کردووە، تەنانەت راپۆرتی لەسەر بڵاودەکەونەوە و وێنەی بە جلوبەرگی کوردی و پێشمەرگەیەتییەوە بڵاو دەکەنەوە**

**ماوەیەک پێش ئێستا وەزیری کارەبا داوای ٢٠ ملیار دۆلاری کرد، ئەمەش نالۆژیکییە، چونکە ئەوە چەندین ساڵە چاککردنی ژێرخانی کارەبا لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی عێراق بووە و ئەو پارە زەبەلاحەشی بۆ خەرج کراوە، کەچی لە نزمترین ئاستی خزمەتگوزاریدایە**

# ئیسلامی سیاسی له سودان

لە سودان ئیسلامی سۆفیزم باو بوو، بۆیە دەبینین کە کۆمەڵگەی سودان کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و لەسەرخۆن و دوورن لە توندوتیژی و پەڕگیری، کاتێکیش بۆ یەکەم جار ئیسلامی سیاسی لە سودان پەیدا بوو، شتێکی نامۆ بوو، بۆیە تەنیا بڵاوبوونەوەی لەنێو قوتابیانی زانکۆدا بوو، بەڵام توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە پابەندبوون بە تەریقەتی سۆفیزم کە لە وڵاتدا بڵاو ببووەوە. یەکەم تەریقەتی سۆفیزم کە هاتە سودان تەریقەتی شازلی بوو لە ساڵی ١٤٤٥، دواتر تەریقەتی قادری لە سەدەی شازدەیەم هاتە ئەو وڵاتە، لە ساڵی ١٨٠٠ تەریقەتی سمانی لەسەر دەستی (ئەحمەد ئەلتەیب ئەلبەشیر) کە لە (ئوم دەرمان) جێگیر بوو، بڵاو کرایەوە، دوای ئەوەی تەریقەتەکانی سۆفیزم بە تەواوی لە سودان بڵاوبوونەوە، ئیسلامی سۆفیزم بوو بە ئیسلامی میللی لەگەڵ ئەو هەموو ئەفسانە پڕوپووچانەی هێنایان کە کۆکراوەی دابونەریتی خێڵایەتی و نەریتی پاشماوەی کریستیان و فیرعەونی و ئایینە لۆکاڵەکانی دیکەی ئەفریقی بوو، وەك (نوبی) پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و سۆفیزم زۆر باش بوو، دەوڵەت ئیسلامی بوو، بە چەمکی میللی نەك بە چەمکی ئیسلامی، مەبەست لە چەمکی میللی ئەوەیە کە دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی موسڵمانن، واتا کریستیان نەبوون، نەك بە چەمکی ئیسلامی کە شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەودەکات وەك هەندێ دەوڵەتی ئیسلامی، بۆ نموونە: هەندێ خێڵی موسڵمانی سودان چەند یاسایەکیان پیادە دەکرد، کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی بوو، ئەگەر پیاو زینای لەگەڵ ژنێکی بەمێرد کرد، ئەوا سزادەدرێت بە بەخشینی حەوت مانگا، بەڵام ئەگەر زینای لەگەڵ کچێکدا کرد، ئەوا بە یەك مانگا سزادەدرێت، ئەوانە شانازیش دەکەن کە هاووڵاتیی دەوڵەتێکی ئیسلامین، بێگومان سودان لە دواکەوتن و هەژاری و نەخوێندەواریدا دەژیا، کاتێکیش عوسمانییەکان بە پشتیوانی هێزی میسر بە سەرۆکایەتیی محەمەد عەلی پاشا سودانی داگیر کرد، پەرەی پێدا، بەتایبەتیش خەرتومی پایتەخت، لەگەڵ دڵڕەقی و سەرکوتکردن و ستەمکاریشیاندا یەکەیەکی سیاسیی سودانییان دامەزراند.

سودان بۆ ماوەی شەست ساڵ لەژێر حوکمی عوسمانی و میسرییەکاندا مایەوە، لە ساڵی ١٨٨٠ شۆڕشێکی میللیی سودانیی سۆفیزمی مەهدەوی دژی داگیرکاریی عوسمانی و میسری بە سەرۆکایەتیی محەمەد ئەحمەد ئەلمەهدی بەرپابوو، کە یەکێك بوو لە پەیڕەوکارانی تەریقەتی سمانیی سۆفیزم، لە ساڵی ١٨٨١ئەلمەهدی بە خەڵکەکەی گوت: «من مەهدیی مونتەزیرم» خەڵکەکە بەیعەتیان پێدا تاکو لە داگیرکاری رزگاریان بکات، ئەو توانی لە ساڵی ١٨٨٥ کۆتایی بە داگیرکاریی تورکی- میسری بهێنێت، بەڵام ئەم دەوڵەتە زۆر بەردەوام نەبوو، کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بەپاڵپشتیی هێزی میسری لە ساڵی ١٨٩٨ ئەم حکومەتەی رووخاند و خەلیفە عەبدوڵا تەعاییشی لە (کردفان)



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کوژرا، دواتر بەریتانیا سودانی بۆ دوو هەرێم و تەوەر دابەشکرد، هەرێمی رۆژهەڵات بۆ تەوەری خەتمییە و هەرێمی رۆژئاوا بۆ تەوەری ئەنسار، ئەمەش سیاسەتێکی ناسراوی (پەرتکە و زاڵبە)ی بەریتانیا بوو. سودان تا ساڵی ١٩٥٥ لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا مایەوە، دواتر سودانییەکان لە ساڵی ١٩٥٦ سەربەخۆییان راگەیاند، یەکەم حکومەتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی ئیسماعیل ئەزهەری کە سەر بە بزووتنەوەی برایان بوو و بانگەشەی یەکێتیی میسر و سودانی دەکرد، لە ساڵی ١٩٥٤ دامەزرا، دوای دوو ساڵ عەبدوڵا خەلیل بێگ لە حزبی ئوممە، کە داوای سەربەخۆیی تەواوی سودانی دەکرد، دەسەڵاتی گرتەدەست، لە ساڵی ١٩٥٨ فەریق ئیبراهیم عەبود یەکەم کودەتای سەربازیی لە مێژووی سودان بەرپاکرد، دواتر حوکمی فەریق عەبود لە ساڵی ١٩٦٤ کۆتایی هات، ئیسلامییەکان رۆڵی بەرچاویان لە رووخاندنیدا هەبوو. لەو ماوەیەدا سەرکردەی ناسراوی ئیسلامی (حەسەن تورابی) رۆڵی زۆر بەرچاوی هەبوو، دوای رووخانی فەریق عەبود، سەرۆکایەتیی قۆناخی یەکەم و دووەمی راگوزەریی لە ساڵی (١٩٦٤-١٩٦٥) گرتەدەست. لە ساڵی ١٩٥٦ محەمەد ئەحمەد مەحجوب لە حزبی ئوممە بوو بە سەرۆك وەزیران، دواتر لە هەمان ساڵدا سادق ئەلمەهدی سەرۆکی حزبی ئوممە بوو بە سەرۆك وەزیران، لە ساڵی ١٩٦٨دا ئەحمەد مەحجوب جارێکی دیکە بووەوە بە سەرۆك وەزیران. لە ساڵی ١٩٦٩ کودەتای دووەم بە سەرۆکایەتیی جەعفەر نومەیری روویدا و لە ساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠) بابەکر عەوەزی راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەو لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب حیساب بوو، دواتر نومەیری ئەو پۆستەی بۆ شەش ساڵ هەڵپەسارد، تا رەشید تاهیر بەکری لە ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٩) راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت، دوای ئەوە نومەیری ئەو پۆستەی هەڵوەشاندەوە. لە ساڵی ١٩٨٥ راپەڕینێکی سەرتاسەریی میللی بۆ رووخاندنی نومەیری بەرپابوو، دکتۆر ئەلجەزولی بۆ یەك ساڵ بوو بە سەرۆك وەزیران، لە ساڵی ١٩٨٦ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کراو حزبی ئوممە بە سەرۆکایەتیی سادق مەهدی بردییەوە و حکومەتی پێکهێنا، لە ساڵی ١٩٨٩ کودەتای سێیەم روویدا، ئەم جارە ئیسلامییەکان سەرۆکایەتییان کرد، کە رووداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو و جیهان لەو بڕوایەدا نەبوو کە رووبدات، بەشیر سەرۆکایەتیی باڵی سەربازیی کودەتاکەی کرد و حەسەن تورابی سەرۆکایەتیی باڵی مەدەنیی کرد، کودەتا سەربازییەکە بەسەر حکومەتی شەرعی و هەڵبژێردراودا سەرکەوت، تورابی ئەم بیرۆکەیەی لە رابەری ئیسلامی سیاسی (ئەبو ئەلئەعلای مەودوی) وەرگرت، کاتێ لە پێناسەکردنی جیهاددا گوتی: «خەباتێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەپێناو خێری سەرجەم مرۆڤایەتی».

ئیخوان موسلیمین هەوڵیاندا لە رێی ئەو قوتابییانەی لە میسر دەیانخوێند، لقێك لە سودان بکەنەوە، حەسەن بەننا هەوڵیدا سەردانی سوودان

بکات، بەڵام بەریتانیا ڕێی لێگرت، لە ساڵی ١٩٤٥ چەند شاندێکی ئیخوان موسلیمین سەردانی سودانیان کرد، لە ساڵی ١٩٤٦ مەڵبەندی گشتیی ئیخوان موسلیمین دوو سەرکردەی خۆی ( عەبدولحەکیم عابدین سکتێری گشتی ئیخوان و جەماڵەدین سەنهوری ) ڕەوانەکرد، تاکو لقێك لە سودان بکەنەوە. حەسەن بەننا لە ساڵی ١٩٤٨ نامەیەکی بۆ (عەلی تاڵب ئەڵڵا) نارد، تاکو وەك چاودێری گشتیی ئیخوان موسلیمین دایمەزرێنێت و ببێتە ئەندام لە دەستەی دامەزرێنەری گشتیی ئیخوان لە قاهیرە، ئەوە هەمووی بە ئاشکرا، بەڵام بەریتانیا ڕێگەی پێ نەدان کاری ڕێکخراوەیی بەفەرمی ئەنجام بدەن، بۆیە ڕێگەی بە ئیسلامی و شیوعییەکان نەدا کاربکەن و دانیشی پێدا نەنان، دوای سەربەخۆیی سودان ئینجا دانی پێدا نان، لە ساڵی ١٩٤٩ بزووتنەوەی ئیسلامی لە زانکۆی خەرتووم سەریهەڵداو ناوی خۆی نا بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ئیسلامی، دیارترین سەرکردەکانیشی بریتی بوون لە (بابەکر کەراڕ، محەمەد یوسف و محەمەد خەیر عەبدولقادر) ئەم بزووتنەوەیە لە پایتەخت بەربەرەکانێی بزووتنەوەی بەهێزی شیوعی دەکرد، کە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرابوو، بۆیە بانگەشەی سۆسیالیستیی ئیسلامیی دەکرد، هەندێ لە ئەندامەکانی پەیوەندیی باشیان لەگەڵ ئیخوان موسلیمیندا هەبوو، تۆمەتەکانی شیوعییشیان ڕەتدەکردەوە کە گوایە پەیوەندییان بە ئیخوان موسلیمینەوە هەیە، لە بەیاننامەکانیاندا جەختیان لەوە دەکردەوە کە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی سودانین، لە ساڵی ١٩٥٢ ئیخوان موسلیمین لە میسر هەوڵیان دا رازییان بکەن کە بچنە پاڵ ئەوان، بەڵام بێ هودە بوو و پەیوەندیش لەنێوان رزگاریخوازی و ئیخواندا هەر بەهێز بوو، تا ئەو ڕادەیەی خەڵکەکە جیاوازییان لەنێوان هەردوو بزووتنەوەکاندا نەدەکرد، لە ساڵی ١٩٥٢ سەرۆکی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ئیسلامی بابەکر کەراڕ بەهۆی ئەوەی کە گرووپەکەی لە ئیخوان موسلیمین نزیکبوونەوە دەستی لەکارکێشایەوە، لە ساڵی ١٩٥٤ کۆنگرەیەکی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی ڕەوتە ئیسلامییەکان بەسترا، هەر یەکە لە بابەکر کەراڕ و عەلی تاڵب ئەڵڵا ئامادە نەبوون، عەلی تاڵیب دوورخرایەوە و محەمەد خەیر عەبدولقادر شوێنی گرتەوە و بوو بە ئەمینداری گشتیی گرووپەکە، لە کۆنگرەکەدا ڕێککەوتن کە ناوی ئیخوان موسلیمین لەگەڵ سەربەخۆیی گرووپەکە بمێنێت لەگەڵ گرنگیدان بە دەستووری ئیسلامی ناسەربەخۆیی ڕەهای گرووپەکە هەتا گۆشەگیر نەبێت، بەڵام بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ئیسلامی بڕیارەکانی کۆنگرەی ڕەتکردەوە و گرووپێکی سەربەخۆیان بەناوی (گرووپی ئیسلامی) دامەزراند و دواتر گۆڕدرا بۆ حزبی سۆسیالیستی ئیسلامی، ئیسلامییەکان تۆمەتباریان کردن بەوەی کە شیوعیی ئیسلامین، ئەمەش بۆ ناوزڕاندنیان بوو، ئەوە بوو چەند شاندێکی گرووپی ئیخوان موسلیمینی میسری لە ساڵی ١٩٥٥ سەردانیان کردن، تاکو ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن. دواتر سەرکردایەتییەکی نوێ پێکهات و ڕەشید تاهیر بەکریان بە چاودێری گشتیی گرووپەکە هەڵبژارد. لەنێوان ساڵانی (١٩٥٥ تا ١٩٥٨) گرووپی ئیخوان هەڵمەتێکی بەهێزیان بەناوی بەرەی ئیسلامی بۆ دەستوور دەستپێکرد، بەڵام فەریق ئیبراهیم عەبود بە کودەتایەکی سەربازی لە ساڵی ١٩٥٨ شکستی پێهێنا و لە ١٩٥٩دا سەرکردەی گرووپەکە (ڕەشید تاهیر) کودەتایەکی سەرنەکەوتووی دژی فەریق عەبوود ئەنجامدا، فەریق عەبود پێنج سەرکردەی سەربازیی ئەوانەی لەو کودەتایە بەشداربوون لەسێدارە دا، بەڵام ڕەشید تاهیر بە پێنج ساڵ زیندانی حوکم درا، چونکە لەنێو ئۆتۆمبیلەکەیدا دەستگیر کرا کە بەیاننامەی کودەتاکەی بەدەستەوە بوو، لە ساڵی ١٩٦٤ گرووپەکە لەلایەن حەسەن تورابییەوە پێشنیارێکیان کرد تا سەرۆکی گرووپەکە کە لە زیندادا بوو لەکار لابدرێت، لە ساڵی ١٩٦٥ گرووپەکە ناوی خۆیان بۆ بەرەی میساقی ئیسلامی گۆڕی و حەسەن تورابی بە سەرۆکیان هەڵبژێردرا، کە ئەو کاتە بەرپرسی مەکتەبی سیاسی بوو، ئەوە بوو بەرەکە سەلەفی و سۆفییەکانیشی لە ڕیزەکەیدا لەپێناو دەستووری ئیسلامی بۆ جێبەجێ کردنی شەریعەت کۆکردەوە، گرووپەکە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٥دا بەشداربوو، نەیتوانی کورسیی پێویست بەدەست بهێنێت، بەڵام توانی بە هاوپەیمانی لەگەڵ سەلەفی و سۆفییەکان و شوێنکەوتووانی، تەریقەتی تیجانی شیوعییەکان ببەزێنن، بە شێوەیەك دەستووریان هەموار کردو نوێنەرانی شیوعییان لە پەرلەمان دەرکرد، ئەوەش وەك دەستپێکێك بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٧، تورابی لەگەڵ حزبی(سانۆ) یەکێتیی نیشتمانیی ئەفریقی و حزبی ئوممەی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتیی سادق مەهدی هاوپەیمانیی کرد لەپێناو تێکدانی ئیئتلافی نەریتیی نێوان حزبی ئوممە بە سەرۆکایەتیی هادی مەهدی و یەکێتیی دیموکراسی بە سەرۆکایەتیی محەمەد

**دوای ئەوەی تەریقەتەکانی سۆفیزم بە تەواوی لە سودان بڵاوبوونەوە، ئیسلامی سۆفیزم بوو بە ئیسلامی میللی لەگەڵ ئەو هەموو ئەفسانە پڕوپووچانەی هێنایان کە کۆکراوەی دابونەریتی خێڵایەتی و نەریتی پاشماوەی کریستیان و فیرعەونی و ئایینە لۆکاڵەکانی دیکەی ئەفریقی بوو**

عوسمان میرغەنی، بەڵام پرۆژەکە شکستی هێنا بەهۆی کودەتای جەعفەر نومەیری کە لە ساڵی ١٩٦٩ ئەنجامدا بە پاڵپشتی چەپەکان و سەرکردایەتیی حزبی شیوعی کە لە پەرلەمان دەرکرابوون. گرووپەکەی تورابی وەك ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر حوکمی نومەیری مایەوە، لە هەمان ساڵدا ئیسلامییەکان هاوپەیمانییەکیان لەگەڵ حزبی ئوممەی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتیی سادق مەهدی و حزبی نیشتمانیی یەکێتیی بە سەرۆکایەتیی شەریف زەین ئەلعابدین هیندی دژی نومەیری پێکهێنا، ئەوە بوو بە سەرۆکایەتیی موقەددەم حەسەن حوسێن هێرشیان کردە سەر خەرتوومی پایتەخت، بەڵام شکستی هێناو دامرکێندرایەوە، لە ساڵی١٩٧٧ئیسلامییەکان بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ نومەیری ئاشتبوونەوە، هەندێ سەرکردە لەدژی ئەو ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ نومەیری لە گرووپەکەی تورابی جیابوونەوە و گرووپێکی جیایان بە ناوی ئیخوان موسلیمین دامەزراند، ئەلحەبر یوسف نور ئەلدائمیان بە ئەمیری خۆیان هەڵبژارد، دواتر سادق عەبدوڵا عەبدولماجد هاتە ناویانەوە، ئەوان رەخنەیان لە بەرنامەکەی تورابی گرت و داوای پەیڕەوکردنی ئەزموونی ئیخوانی میسرییان دەکرد، لە ساڵی ١٩٨٠ تورابی وەك پلانێکی تەکتیکی گرووپەکەی هەڵوەشاندەوە، ئەندامەکان هاتنەنێو یەکێتیی سۆسیالیستیی سودان لەپێناو خزانەنێو دامەزراوەکانی دەوڵەت تاکو ببنە جێگرەوەی رژێمی نومەیری، گرووپەکەی تورابی بەهێز بوو، بۆیە تورابی بوو بە راوێژکاری سەرۆك کۆمار (جەعفەر نومەیری)، ئەوەی باسی مێژووی سیاسیی سودان بکات، دەبێ باس لە بیرمەندی ناسراوی سودانی مەحمود محەمەد تەهای سەرۆکی حزبی کۆماری بکات، مەحمود تەها دەستی کرد بە رەخنەگرتن لە تایفەگەری و بەرهەڵستیکردنی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و رەخنەگرتن لە ئیسلامی سیاسی و پرۆژەی دەستووری ئیسلامی، ئەو وەسفی دەستووری بەوە کرد، کە دەستوورێکی ساختەی ئیسلامییە، هەروەها رەخنەی توندیشی گرت لە هەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی و دەرکردنی پەرلەمانتارەکانی لە پەرلەمان لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، ئەوەشی بەوە روونکردەوە کە بەڵگەی ترسی ئیسلامی سیاسییە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شیوعییەکان، هاوکات بە سەرپێچیکردنی رێنوێنییەکانی ئیسلامی لەقەڵەمدا، دوو لە فەقیهیەکان سکاڵایان دژی مەحمود تەها بەرزرکردەوە، بەبیانووی ئەوەی هەڵگەڕاوەتەوە و پێویستە حەددی هەڵگەڕانەوەی لێدەربکرێت، کە کوشتنە، حوکمەکە لە ساڵی ١٩٦٨ دەرچوو، تورابی جەعفەر توانی نومەیری رازی بکات کە دادگایەکی تایبەت پێکبهێنێت و چەند دادوەرێکیشی لە ئیسلامییەکان دەستنیشان کرد، لە ساڵی ١٩٨٣بیرمەند مەحمود محەمەد تەها لەسێدارە درا، بێگومان بڕیاری دادگا پاکتاوکردنی سیاسی بوو، لەبەرئەوەی مانەوەی مەحمود تەها مەترسی بوو بۆ سەر ئایندەی ئیسلامی سیاسی لە سودان، چونکە ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بوایە بە فیکرو بیروباوەڕ هاووڵاتییەکی سودانیان لەسێدارە دەدا، چونکە بە ئاشکرا بڕوای بە ئایینی بوزی هێنابوو، فەقیهەکان دەربارەی ئەو هاووڵاتییە گوتیان: «ئیسلام بەمە نە زیاد دەبێت و نە کەم» بۆیە کە نومەیری هەرەسی هێنا، تورابی کەوتە رکابەریکردنی هەردوو حزبی سەرەکی (حزبی ئوممە، حزبی یەکێتی)، لە ساڵی ١٩٨٣ نومەیری پرنسیپی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیی راگەیاند، لە هەمان ساڵدا شەڕی ناوخۆ لە باشوور لەنێوان حکومەت و بزووتنەوەی میللیی رزگاریخوازیی سودان (ئەنیانیا) بە سەرۆکایەتیی جۆن گەرنەگ روویدا، دوای ئەوەی نومەیری باشووری بۆ سێ هەرێم دابەشکرد، بەمەش سەرپێچیی لە یاسای ئۆتۆنۆمیی باشوور کرد بەپێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٢ی ئەدیس ئەبابا، لە ساڵی ١٩٨٥ تورابی ناوی بزووتنەوەی ئیسلامیی نەتەوەیی هەڵبژارد، لە هەمان ساڵدا راپەڕینێکی تووڕەی میللی بۆ رووخاندنی نومەیری بەرپابوو، سوپای سودان هاتەپاڵ گەل، ئەنجومەنێکی سەربازی بە سەرۆکایەتیی عەبدولڕەحمان سوار زەهەب دامەزرا و دکتۆر جەزولی بۆ ماوەی یەك ساڵ بۆ سەرۆك وەزیران راسپێردرا، تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، لەساڵی ١٩٨٦ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرا و حزبی ئوممە بە سەرۆکایەتیی سادق مەهدی بردیەوە و حکومەتی پێکهێنا. لە ساڵی ١٩٨٩ حەسەن تورابی و عومەر بەشیر کودەتایەکی سەربازییان دژی حکومەتە هەڵبژێردراوەکە بەرپاکرد، یەکەم کودەتای سەربازی بوو کە ئیسلامییەکان لە مێژووی بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا ئەنجامیاندا، تورابی و بەشیر رێککەوتن کە ئەو کودەتا سەربازییە بکەن، بە مەرجێك رۆڵی ئیسلامییەکان بە سەرۆکایەتیی ئەو لەم کردەوەیەدا ئاشکرا نەکرێت، بۆیە کاتێ کودەتاکە سەرکەوت، تورابی بە بەشیری گوت: (تۆ وەك سەرۆك بڕۆ

**کاتێک بۆ یەکەم جار ئیسلامی سیاسی لە سودان پەیدا بوو، شتێکی نامۆ بوو، تەنیا لەنێو قوتابیانی زانکۆدا بڵاو ببووەوە، بەڵام توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە پابەندبوون بە تەریقەتی سۆفیزم کە لە وڵاتدا بڵاو ببووەوە**

کۆشکەوە و منیش وەك زیندانییەك دەچمە زیندانەوە)، ئەمەش تاکو گەل وا تێنەگەن ئیسلامییەکان ڕۆڵیان لەم کردەوەیەدا هەیە، کە پێچەوانەی دیموکراسی و شەریعەتە، کاتێك تورابی چووە بەندیخانەی (کوبەر)ەوە سەرۆکی حزبی شیوعی محەمەد ئیبراهیم کە لە بەندیخانە پێکەوە بوون، پێی گوت: «ئەم بەندکردنەت با بەس بێت، زیاد لە پێویست موجامەلەت کردین، بە گرووپەکەت بڵێ با بەرت بدەن)، ئەوەش بەهۆی ئەوە بوو کە شیوعییەکان زانییان ئەمە پلانێکە بە شەوێك لەنێوان تورابی و بەشیر تەکبیری بۆ کراوە، بێگومان تورابی عەقڵی دارێژەری کودەتا سەربازییەکە بوو، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٦دا کە حزبی ئوممەی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتیی سادق مەهدی بردیەوە، ئەمان شکستیان هێنا، کودەتاچییە ئیسلامییەکان کودەتاکەیان بە شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی ناوزەدکرد، دواتر حزبەکەیان ناونا (کۆنگرەی نیشتمانی) لە ساڵی ١٩٩٠دا(٢٨) ئەفسەری سەر بە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کودەتایەکی سەرنەکەوتوویان بەرپاکرد، دواتر عومەر بەشیر لەسێدارەی دان، تورابی لەگەڵ بەشیر ڕێککەوت کە سەرۆکایەتیی دەوڵەت بە دەست ئەوەوە بێت تاکو کۆنترۆڵی بارودۆخی سودان دەکرێت، تائەو کاتەی حزب لە کۆنگرەدا سەرۆکێکی مەدەنی بۆ سودان هەڵدەبژێرێت، بەڵام بەشیر دەسەڵاتی توندکرد، توانی لە ماوەی سێ ساڵدا لەناو حزبەکەیدا لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات، لە ساڵی ١٩٩٢ بزووتنەوەی ئیسلامیی لایەنی فیکریی کۆنگرەی نیشتمانی کۆبۆوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارێك بۆ سودان، تورابی بە ئەندامانی ئامادەبووی گوت: کێ پاڵێوراومانە؟ عەلی عوسمان جێگری تورابی لە حزب گوتی پاڵێوراومان بەشیرە، زۆرینەی ئەندامان پشتگیریی ئەم پێشنیارەیان کرد، تورابی زۆر تووڕە بوو، چونکە پێی وابوو خۆی بەهێزترین پاڵێوراوە، لەبەر ئەوەی خۆی شێخ و موفتی و عەقڵی تەکبیرکەری کودەتاکە بووە و بەشیر تەنیا کەسایەتییەکی سەربازییە بووە و تەنیا بۆ پۆستی سەربازی دەشێت، لە تۆڵەی ئەمەدا تورابی عەلی عوسمانی لە پۆستەکەی دوورخستەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەڵوەشایەوەو عومەر بەشیر وەك سەرۆك کۆمار دەستنیشان کرا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ململانێی نێوان ئەو دوو هاوڕێ کودەتاچییە (بەشیر و تورابی) توندتر بوو، لە ساڵی ١٩٩٨دا حەسەن تورابی بە سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی فەرمانڕەوا هەڵبژێردراو بوو بە سەرۆکی پەرلەمان، دوای سێ ڕۆژ جێگری سەرۆك کۆمار (فەریق زوبێر محەمەد ساڵح) لە ئەنجامی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەك کوژرا، بۆشاییەك پەیدابوو و حزبیش بڕیاری دا لەلایەن بەشیرەوە سێ کەس کاندیدبکرێن بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکە، ئەوە بوو بەشیر عەلی عوسمان نەیاری تورابی وەك جێگر هەڵبژارد، تورابی لەم پەیامە گەیشت کە پیلانێکی ڕاستەقینە لەئارادایە بۆ لابردنی لە حزب و دەوڵەت، لە ساڵی ١٩٩٩ ویستیان لای بدەن، بەڵام شکستیان هێنا، تورابی وەك سەرۆك پەرلەمان کەوتە بەربەرەکانێی بەشیر لە لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیرەکانی و دۆسیەی گەندەڵی دژیان هەڵدایەوە، بەڵام بەشیر پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە تا تورابی لاببرێت، چەند ماددەیەکی دەستووریشی سڕکرد، هەروەها باری نائاسایی بۆ سێ مانگ ڕاگەیاند، تورابی تانەی لەم بڕیارانە دا، بەڵام دادگای دەستووری لەگەڵ بەشیردا بوو، بەشیر لەگەڵ لایەنگرانی حزبی کۆنگرەی نیشتمانی کۆبۆوە و هێرشی کردە سەر تورابی بە تۆمەتی ئەوەی کە بەتەمای کودەتایەکی سەربازییە، چونکە هەماهەنگی لەگەڵ ئەفسەرانی سوپا و پۆلیسدا کردووە، بۆیە بەشیر بڕیاری دا دەستەی گشتیی حزب هەڵبوەشێنێتەوە، کە تورابی سەرۆکایەتی دەکرد، ئیبراهیم ئەحمەد عومەر کرا بە سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی شورای حزب دەستنیشان کرا، تورابی جیابوونەوەی خۆی لە حزب ڕاگەیاند و حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی میللی دامەزراند، تورابی لە کتێبەکەیدا (الحرکە الاسلامیە فی السودان تحقیب الاسلام السیاسی) ئەمەی باس کردووە، لەوێدا ئاماژە بە قۆناخەکانی پەرەسەندن دەکات:



١. قۆناخی پێکهێنان لە ساڵانی (١٩٤٩-١٩٥٥) لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا.

٢. قۆناخی یەکەمین پەیدابوون لە ساڵانی (١٩٥٦-١٩٥٩) واتا دوای سەربەخۆیی سودان.

٣. قۆناخی یەکەمینی خۆشاردنەوە لە ساڵانی (١٩٥٩-١٩٦٤) لەبەر ڕوودانی کودەتای فەریق ئیبراهیم عەبود عەسکەری.

٤. قۆناخی دەرکەوتنی گشتی (١٩٦٤-١٩٦٩) کە کودەتای سەربازیی جەعفەر نومەیری ڕوویدا.

٥. قۆناخی تێکۆشان و گەشەکردن (١٩٦٩-١٩٧٧) کە چەندین هاوپەیمانێتی وەك ئەلتەرناتیڤی نومەیری پێکهات.

٦. قۆناخی ئاشتبوونەوە و گەشەکردن لە نێوان

سالانی (١٩٧٧-١٩٨٤) کە ئاشتبوونەوەی گشتی بوو لەگەڵ نومەیری.

لە ساڵی ٢٠٠٠ بەشیر لەگەڵ سەرانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەسمەرەی پایتەختی ئاریتیریا کۆبۆوە، سادق مەهدی سەرۆکی حزبی ئوممەی نەتەوەیی گەڕایەوە و پێش ئەویش بە ساڵێك نومەیری گەڕابۆوە، بەڵام بەشیر دوای بایکۆتی سەرانی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت، لە ساڵی ٢٠٠١ تورابی دەستگیرکرا، چونکە یاداشتنامەیەکی لێکگەیشتنی لەگەڵ جۆن گەرنەگ سەرۆکی سوپای میللیی رزگاریخوازی سودان واژۆکردبوو، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ ئازاد کرا، لە ساڵی ٢٠٠٤ دوای ئەوەی تۆمەتی کودەتای خرایەپاڵ دیسان دەستگیر کرایەوە، جارێکیتر لە ساڵی ٢٠٠٥ ئازاد کرا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی بەشیر شۆڕشی دارفوریان لە ٢٠٠٣ کپ کردەوە. راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان رایانگەیاندووە کە میلیشیاکانی بەشیر (جەنجەوید) تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە، بۆیە داواکاری گشتی (لاهای) داگای تاوانی نێودەوڵەتی لویس مۆرینۆ ئۆکامبۆ لە ٢٠٠٨ یاداشتی دووەمی دەستگیرکردنی دەرکرد، چونکە لە ئەنجامدانی تاوان لە هەرێمی دارفور بەردەوام بووە، ژمارەی کوژراوان گەیشتە ٣٠٠ هەزار کەس، دوو ملیۆن و نیویش لە هاووڵاتییانی دارفور ئاوارە بوون، ئەمەو هەرێمی دارفور لە ساڵی ١٩٠٠ـەوە بە سەرۆکایەتیی سوڵتان عەلی دینار سەربەخۆ بوو، دواتر خرایە ژێر کۆنترۆڵی سودان لە سەردەمی داگیرکاریی عوسمانی و جارێکی دیکەش لە سەردەمی شۆڕشی مەهدیە لە ١٨٨٤، تورابی دوای دەرکردنی یاداشتنامەی دەستگیرکردن گیرا، چونکە گوتبووی دەبێ بەشیر خۆی رادەستی دادگای نێودەوڵەتی بکات، بەشیر شەڕی دژی باشووری سودان راگەیاندبوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ رێککەوتننامەی نیفاشای ئاشتیی لەگەڵ جۆن گەرنەگ واژۆکرد، تاکو ببێتە جێگری سەرۆك کۆمار، لە هەمان ساڵدا جۆن گەرنەگ لە ئاکامی تێکشکانی فڕۆکەکەی سەرۆکایەتیی ئۆغەندی گیانی لەدەستدا، بەشیر بە پیلانی ئەمە تۆمەتبار کرا، بەپێی رێککەوتننامەکە، باشووری سودان لە ساڵی ٢٠١١ بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەشیر هەوڵیدا لەگەڵ تورابی ئاشت ببێتەوە، بەڵام دوای چی، بەشیر بەردەوام لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا سەری لێ تێکچووبوو، لەبەر ئەو هەموو کێشەو تەحەدییانەی بەرەو رووی ببوونەوە، لەلایەك کێشەی باشووری سودان و هەرێمی دارفور، هەروەها حەواندنەوەی قاعیدە، چونکە ئوسامە بن لادن لە ساڵی ١٩٩٢ هاتە سودان، هەروەها تێوەگلانی لە هەوڵ کوشتنی حوسنی موبارەك لە ئەدیس ئەبابای پایتەختی ئەسیوبیا لە ساڵی ١٩٩٥، لەلایەکی دیکەشەوە ناکۆکیی لەگەڵ تورابی و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و سڕکردنی ماددەکانی دەستوور و تێکدانی کارگەی یەرمووکی چەکی شەڕ لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ساڵی ٢٠١٢، هاوکات هەڵگیرساندنی شەڕ لە هەردوو ناوچەی نیلی شین و باشووری کردفان کە بە باشووری تازە ناسراوە لە ساڵی ٢٠١١، ئەو هەموو تەحەدییانە ئەنجامی تاکڕەوەیی بەشیر بوون لە دەسەڵات، هەروەها شکستهێنانی لە پێشخستنی وڵات لە رووی ئابوورییەوە لەکاتێکدا کە سودان لە دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوتە، لە ساڵی ٢٠١٦ حەسەن تورابی مرد و خەونەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە، بۆیە عەلی ئەلحاج محەمەد لە سەرکردایەتیی حزبدا جێی گرتەوە، لە ساڵی ٢٠١٧ بەشیر پۆستی سەرۆك وەزیرانی گەڕاندەوە، کە دوای کودەتا سەربازییەکەی هەڵیوەشاندبۆوە، بەکری حەسەن ساڵحی کردە سەرۆك وەزیران، دوای ساڵێك بەشیر حکومەتی هەڵوەشاندەوە و موعتەز موسای بە سەرۆك وەزیران راسپارد، حزبی کۆنگرەی نیشتمانی عومەر بەشیری بۆ جاری سێیەم بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ کاندیدکرد، بەڵام راپەڕینە میللییەکان خستیان، دوای ئەوەی سوپای سودان هاتە ریزی گەلەوە، فەریق روکنی یەکەم عەوەز بن عوف ئەنجومەنێکی سەربازیی راگوزەری پێکهێنا، بەڵام دوای چەند سەعاتێك دەستبەرداری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنەکە بوو بۆ فەریقی روکنی یەکەم عەبدولفەتاح بورهان. ئەویش داوای کرد کە کەسایەتییەکی بێلایەنی مەدەنی کاندیدبکرێت بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت بۆ دوو ساڵی قۆناخی راگواستن، ئەمریکاو کۆمکاری عەرەبی و دەوڵەتانی کەنداو ددانیان بەم گۆڕانکارییەدا نا، چونکە رژێمی بەشیر کارەسات و نەهامەتیی بۆ سودان و ناوچەکە هێنابووە ئاراوە، عومەر بەشیر لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٨وە لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە داواکراوە، گۆڕانکارییەکەش داخوازیی گەلە، بەم راپەڕینە میللییەش دەوڵەتی ئیسلامیی سوننە کۆتایی دێت، کە لە رێگەی کودەتای سەربازیی دژی حکومەتی شەرعی بە سەرۆکایەتیی سادق مەهدی لە ساڵی ١٩٨٦ حوکمی گرتە دەست.

**سودان بۆ ماوەی شەست ساڵ لە ژێر حوکمی عوسمانی و میسرییەکاندا مایەوە، لە ساڵی ١٨٨٠ شۆڕشێکی میللیی سودانیی سۆفیزمی مەهدەوی دژی داگیرکاریی عوسمانی و میسری بە سەرۆکایەتیی محەمەد ئەحمەد ئەلمەهدی بەرپابوو، کە یەکێک بوو لە پەیڕەوکارانی تەریقەتی سمانیی سۆفیزم، لە ساڵی ١٨٨١ئەلمەهدی بە خەڵکەکەی گوت: «من مەهدیی مونتەزیرم» خەڵکەکە بەیعەتیان پێدا تاکو لە داگیرکاری رزگاریان بکات**




نادر هاشمی پرۆفیسۆرە لە سکوڵی جۆزێف کۆربێل بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی، لە زانکۆی دەنڤەرە و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، هەروەها وانەبێژە لە زانکۆی کالیفۆرنیا (لۆس ئەنجەلوس)، پێشتریش وانەبێژ بووە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی نۆرس ویستێرن و زانکۆی تۆرینتۆ و زانکۆی واتەرلۆ، هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد. شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاروبارە ئیسلامییەکان، ئایین و دیموکراسی، عەلمانییەت و سیاسەتی بەراوردکاری و تیۆری سیاسی و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مافەکانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی ئیسلام و ڕۆژئاوا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

## نادر هاشمی

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# خۆپیشاندانەکانی جەزائیر و سودان لە دۆخێکی جیاوازی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا روودەدن

*** چۆن لە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن؟ ئایا ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانە چین کە پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوەی جددی هەیە و مایەی زۆرترین نیگەرانین؟**

- من پێم وایە دەکرێت ئاماژە بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیی دەربڕینەکانی هەردوو وڵاتی سودان و جەزائیر بکەین، کە هۆکارە بنەڕەتیی و ریشەییەکانی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئەم دواییە لە هەردوو وڵاتی جەزائیر و سوداندا هاوشێوەی هۆکارەکانی بەهاری عەرەبین لە ساڵی ٢٠١١دا، بە گوزارشت و واتایەکی دیکە بزوێنەری ئەم خۆپیشاندانانەش هەمان پاڵنەرەکانی پێشوون، وەك داواکاری پاراستنی کەرامەتی تاکەکەسەکان، بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی حکومەتێکی نوێنەرایەتیکاری بەرپرسیار. کەواتە لەنێو خۆپیشاندەراندا ئەندازەیەکی گەورەی تووڕەیی و نارەزایەتی و نائومێدی هەیە لە ئاست سەرکردە سیاسییەکان و سیستمە خۆسەپێنییەکەی دەوڵەت — لە هەردوو وڵاتی سودان و جەزائیر- کە بۆ چەندین دەیە دەچێت جڵەوی دەسەڵاتیان لەدەستدایە، کەواتە بە تێڕوانینی من هۆکار و پاڵنەرەکان زۆر هاوشێوەن، کە دەبینین بەشێکی زۆری گەنجان و خەڵکانی سەر بە چین و توێژی جیاواز هاتوونەتە سەر شەقامەکان و سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن، کە هەموو ئەمانە رواڵەتی هاوبەشن لەگەڵ بەهاری عەرەبی کە ساڵی ٢٠١١ رووی دا.

**داخوازیی خۆپیشاندەرەکان بریتییە لە گۆڕانکارییەکی گشتگیر و سەرتاگیر و دەیانەوێت سیستمە سیاسییە گەندەڵەکە بە تەواوەتی بگۆڕدرێت بە دەسەڵاتێکی مەدەنی کە بە تێوەگلان لە گەندەڵی لەکەدار نەبێت**

*** بەڵام وەك دەزانن لە ساڵی ٢٠١١دا کۆمەڵێك خۆپیشاندان و نارەزایەتیی دەربڕین روویاندا لە چەندین وڵاتی عەرەبیدا، کە بینیمان بە دەرئەنجامێکی باش کۆتایی نەهات و خەون و ئاواتی خۆپیشاندەران نەهاتەدی، ئایا هیچ**

**سعودیە و ئیمارات زۆر نیگەرانن لەبارەی ئەوەی روودەدات لە سودان و جەزائیردا و نایانەوێت گۆڕانکارییەکی مەدەنی و دیموکراتی لەو وڵاتانەدا رووبدات، مەزەندەی ئەوەش دەکەم لە ئێستادا سەرقاڵی پشتیوانیکردنی سوپای ئەو دوو وڵاتە بن**

**لە ئێستادا کەسانی خۆسەپێن لە وڵاتە دیموکراسییە لیبراڵییەکاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بۆ نموونە دۆناڵد ترەمپ هیچ بایەخ بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ نادات، ئەو تەنیا گرنگی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رژێمە خۆسەپێنەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدات**

**سوپای هەر دوو وڵاتی جەزائیر و سودان دەستیان بە خوێنی خەڵکی وڵاتەکەیان سوورە و پێشتر توندوتیژییان بەکارهێناوە و لە توانایاندا هەیە دووبارە پەنا بۆ توندوتیژی ببەنەوە**

**جیاوازییەك لە نێوان خۆپیشاندانەکانی ئێستا و ئەو کاتەدا بەدی دەکرێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی جیاوازە لە تێڕوانینی مندا، ئەوەیە کە خۆپیشاندەران بە تەرکیزێکی زیاترەوە هەنگاو هەڵدەگرن و ژیرییەکی سیاسیی پتریان هەیە، بۆ نموونە ئەوان رازی نین بە بەڵێنی رواڵەتی و ناڕاستی پەیوەست بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری، بە گوزارشتێکی دیکە، خەڵکی تەنیا بەوە رازی نین کە دیکتاتۆرەکان — کە ماوەیەکی زۆرە لە دەسەڵاتدان- بگۆڕدرێن بە کەسێکی دیکە، مەبەستم ئەوەیە داخوازیی خۆپیشاندەرەکان بریتییە لە گۆڕانکارییەکی گشتگیر و سەرتاگیر و دەیانەوێت سیستمە سیاسییە گەندەڵەکە بە تەواوەتی بگۆڕدرێت بە دەسەڵاتێکی مەدەنی کە بە تێوەگلان لە گەندەڵی لەکەدار نەبێت، یان پەیوەندی هەبێت بە نوخبە سیاسییەکەی پێشووەوە، کە بە رای من ئەمە داخوازییەکی سیاسیی گرنگە. چونکە ئێمە بینیمان کاتێك دەسەڵاتی حوسنی موبارەك کۆتایی هات لە میانەی بەهاری عەرەبیدا، ئەوا خۆپیشاندەران روویان کردەوە ماڵەکانیان و خۆشحاڵ بوون بە کارکردن لەگەڵ سوپادا، کەواتە وانەکانی بەهاری عەرەبی، یان هۆکارەکانی شکستی بەهاری عەرەبی ئەوە بوو کە کەسانی سەر بە رژێمەکەی پێشوو لە دەسەڵاتدا مابوون و توندوتیژییان بەکار هێنا، بەڵام خۆپیشاندەرەکانی وڵاتانی سودان و جەزائیر ئەم وانەیە فێربوون و ئێستا خۆپیشاندەران جەخت لەسەر بەرهەڵستیی مەدەنیی ناتوندوتیژ دەکەنەوە، واتە ئەوان داوکاری سیاسیی روونیان هەیە، بەڵام نایانەوێت توندوتیژیی سیاسی بەکار بهێنن، هەروەها نایانەوێت رابکێشرێنە نێو توندوتیژیی سیاسییەوە، کەواتە لە دیدی منەوە ئەمانە جیاوازییەکانی نێوان خۆپیشاندانەکانی ئێستا و بەهاری عەرەبیی ساڵی ٢٠١١یە، کە پێم وایە جیاوازییەکی ئومێدبەخشن.

*** کەواتە ئێوە گەشبینن کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوو وڵاتە دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە؟**

- من گەشبینم، بەڵام گەشبینیەکی بە حەزەر، لە بەر ئەوەی پێم وایە نابێت زوو ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕدرێت لە هەر دوو وڵاتی سودان و جەزائیردا، واتە راستە هەر دوو سەرۆکی ئەم وڵاتانە لە دەسەڵاتدا نەماون، بەڵام هێشتا سیستمە سیاسییە گەندەڵەکەی پێشوو لە ئارادا ماوە، بە واتایەکی دیکە سوپا لە هەردوو دەوڵەتەکەدا دەسەڵاتێکی زۆری بەدەستەوەیە. کەواتە ئەوەی لەمەودوا روودەدات، زۆر گرنگە، مەبەستم ئەوەیە ئایا خۆپیشاندەران دەتوانن لەسەر شەقام بمێننەوە بۆ ئەوەی شەڕی دواتر ببەنەوە، مەبەستم لە شەڕی بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی سیاسیی گشتگیرە، کە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، واتە ئەمە ئامانجێکی قورسە بۆ ئەوەی بەدی بهێنرێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە بەدیهێنانی خواست و ویستی خۆپیشاندەران کە بریتییە لە گۆڕانکارییەکی سیاسیی سەرتاپاگیر قورس و دژوارە، کەواتە تا چەند ئەگەری بەدیهاتنی ئەم خواستە لە ئارادایە؟**

- پێم وایە بەدیهاتنی ئەم ئامانج و گۆڕانکارییە بەندە بەوەی چی روودەدات لە نێو سوپای هەردوو وڵاتەکەدا، کە ئاشکرایە هەردوو سوپایەکە دوچاری تاسان هاتوون بە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانەوە، بەڵام لە ئێستادا دابەشبوونێکی زۆر هەیە لەنێو سوپاکانی ئەم دوو وڵاتەدا، کە پێم وایە ئەمەش خاڵێکی ئیجابییە بۆ خۆپیشاندەران، لەبەر ئەوەی ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە سوپا ناتوانێت کاردانەوەیەکی یەکگرتووی هەبێت و ئومێدەکەش ئەوەیە کە ئەم دابەشبوونە هاوکار بێت بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی سیاسی.

*** ئەی چۆن لە دۆخە هەرێمایەتییەکە دەڕوانیت، مەبەستمان ئەوەیە ئایا هەلومەرجە هەرێمایەتییەکە چ کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی لەسەر رەوت و ئاراستەی ئەم خۆپیشاندانانە دەبێت؟**

- ئەوەی من نیگەران دەکات بریتییە لە سیاقە هەرێمایەتییەکە، چونکە چەند حکومەتێك هەن لە ناوچەکەدا کە پێشتریش بەشێك بوون لە دژە شۆڕشەکان لە میانەی بەهاری عەرەبیدا، تەنانەت پشتیوانی و داراییان بۆ تێکشکاندنی خۆپیشاندانەکان دەستەبەر کرد. من لێرەدا بە دیاریکراوی باسی سعودیە و ئیمارات دەکەم، کە بە مەزەندەی من زۆر نیگەرانن لەبارەی ئەوەی روودەدات لە سودان و جەزائیردا و نایانەوێت گۆڕانکارییەکی مەدەنی و دیموکراتی لەو وڵاتانەدا رووبدات و مەزەندەی ئەوەش دەکەم لە ئێستادا سەرقاڵی پشتیوانیکردنی سوپای ئەم دوو وڵاتە بن.



*** ئەی چۆن لە دۆخە نێودەوڵەتییەکە دەڕوانیت؟**

- دەتوانین بڵێین دۆخە نێودەوڵەتییەکە لە ئێستادا جیاوازە بە بەراورد بە هەلومەرجی نێودەوڵەتی سەروەختی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١دا، چونکە لە ئێستادا کەسانی خۆسەپێن لە وڵاتە دیموکراسییە لیبراڵییەکاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بۆ نموونە دۆناڵد ترەمپ هیچ بایەخ بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ نادات، ئەو تەنیا گرنگی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رژێمە خۆسەپێنەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدات و تەنانەت ئومێدی ئەوە دەکات، خۆپیشاندەرەکان شکست بهێنن و سوپا دەسەڵات بگرێتەوەدەست. ئێمە بینیمان چۆن کاتێك پێشوازی لە عەبدولفەتاح ئەلسیسی کرد، چەند ستایشی کرد. ئەوەی پەیوەندی بە ئەورووپییەکانەوە هەبێت، ئەوا لە ئێستادا سەرقاڵن بە کێشەکانی خۆیانەوە، بەتایبەتی هەڵکشانی رەوتی پۆپۆلیستی و باڵی راستڕەوەوە، بەو پێیە ئەوان نایانەوێت و ناتوانن رۆڵێکی ئیجابی ببینن لە پشتیوانیکردنی خۆپیشاندەرەکاندا، هەروەها ئەوان نیگەرانی ئەوەن کە رەنگە گۆڕانکاریی دیموکراسی لەم دوو وڵاتەدا سەربکێشێت بۆ ناسەقامگیری و لە دەرئەنجامدا پەنابەرێکی زۆر رووبکاتە ئەورووپا و ئەمەش ببێتە هۆی باشترکردنی پێگەی بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان. کەواتە پێم وانییە لە ئێستادا ئەمریکا و ئەورووپا بتوانن رۆڵێکی گرنگ ببینن. بەڵام بە دڵنیاییەوە من ئومێدی ئەوە دەکەم کە کە پشتیوانییەکی زیاتر بخەنەڕوو بۆ خۆپیشاندەران و پەیامێکی روون بنێرن بۆ سوپای ئەم دوو وڵاتە کە ئەگەر بێت و هەوڵی بەکارهێنانی توندوتیژی بدەن، ئەوا دەبێت دەرئەنجامەکەی لە ئەستۆ بگرن. هەرچەندە من ئومێدێکی زۆر لەسەر ئەمە هەڵناچنم. کەواتە ئەمە جیاوازییە گەورەکەی نێوان خۆپیشاندانەکانی ئێستا و بەهاری عەرەبیی ساڵی ٢٠١١یە، واتە خۆپیشاندەرەکان پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییان نییە. بەڵام لە نێو خەڵکانی ئاسایی لە جیهاندا پشتیوانییان لێدەکرێت، واتە خەڵکی ئاسایی لە جیهاندا پشتیوانی لە دیموکراسی دەکەن، بەڵام وەك ئاماژەم پێکرد، حکومەتەکانی وڵاتان پاڵپشتی ئەم خۆپیشاندانانە ناکەن.

*** کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە دۆخێکی هاوشێوەی وەك سووریا، یان لیبیا لەم وڵاتانەدا دووبارە ببێتەوە؟**

- ئەمە ئەگەری روودانی هەیە، چونکە ئێمە دەزانین کە سوپای هەر دوو وڵاتی جەزائیر و سودان دەستیان بە خوێنی خەڵکی وڵاتەکەیان سوورە و پێشتر توندوتیژییان بەکارهێناوە و لە توانایاندا هەیە دووبارە پەنا بۆ توندوتیژی ببەنەوە. بە مەزەندەی من کەسانێك هەن لە نێو نوخبەی حوکمڕانیی ئەم دوو وڵاتەدا کە داوای ئەم جۆرە کاردانەوەیە دەکەن، کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکێکە لە سیناریۆکان، هەرچەندە هێشتا ئەمە رووی نەداوە، لەبەر ئەوەی نوخبەی حوکمڕانەکان لەنێو خۆیاندا یەکگرتوو نین. کەواتە هێشتا یەکێك لە بژارەکان بریتییە لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرەکان بۆ خاوکردنەوەی گوڕوتینی گۆڕانکاریی سیاسی.

**ئومێدی ئەوە دەکەم ئەمریکا و ئەورووپا پشتیوانییەکی زیاتر بخەنەڕوو بۆ خۆپیشاندەران و پەیامێکی روون بنێرن بۆ سوپای ئەم دوو وڵاتە کە ئەگەر بێت و هەوڵی بەکارهێنانی توندوتیژی بدەن، ئەوا دەبێت دەرئەنجامەکەی لە ئەستۆ بگرن**

**هۆکارەکانی شکستی بەهاری عەرەبی ئەوە بوو کە کەسانی سەر بە رژێمەکەی پێشوو لە دەسەڵاتدا مابوون و توندوتیژییان بەکار هێنا، بەڵام خۆپیشاندەرەکانی وڵاتانی سودان و جەزائیر ئەم وانەیە فێربوون و جەخت لەسەر بەرهەڵستیی مەدەنیی ناتوندوتیژ دەکەنەوە**

یانیس ستیڤاچتیس
بەڕێوەبەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا بۆ گوڵان:

# جیهانی ئێستا فرەجەمسەرییە و ململانێی هێز تێیدا زاڵە

یانیس ستیڤاچتیس پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك پەرەسەندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سیستمی نێودەوڵەتی، تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە جیهانییەکان، ئاسایشی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە، هەروەها بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندیی نێوان هێزە جیهانییەکان و گۆڕانی سیستمی جیهانی لە تاکجەمسەرییەوە بەرەو فرەجەمسەری.




*** وەکو کەسێکی شارەزا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چۆن لە دۆخی ئەم پەیوەندییە دەڕوانن، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان هێزە جیهانییە مەزنەکان؟ ئایا جیهان لە تاکجەمسەرییەوە بەرەو فرەجەمسەری هەنگاوی هەڵگرتووە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە، چونکە بونیادی سیستمی جیهانی لە ئێستادا پتر فرەجەمسەری پێوەدیارە، تەنانەت ئەگەر ئێمە لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بڕوانین — کە لە ساڵی ۲۰۱۷دا بڵاوکرایەوە-، دەبینین، بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە جیهانی ئێستا ململانێ باڵی کێشاوە بە سەریدا و کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەو ململانێیەش بریتین لە ئەمریکا و چین و رووسیا، ئەگەرچی هێز و کاراکتەری دیکەش هەن، کەواتە روونە، ئێستا ئێمە لە جیهانێکی فرەجەمسەردا دەژین. بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا جەختی لەسەر بکەینەوە، بریتییە لە کاڵبوونەوەی بەها و نۆرمە لیبڕاڵییەکانی سیستمەکە و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سیستمێکی نوێ کە پتر هێز بەسەریدا باڵادەستە، دەتوانین ئەمە بە ململانێی هێزە گەورەکان وەسف بکەین.

*** ئەم دۆخە چ کاریگەری و دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەم هێزانە؟ ئایا لەو باوەڕەدایت پەیوەندییەکانیان زیاتر بەرەو ململانێ و ناکۆکی بچێت، یان دەگەنە رێگاچارەیەك بۆ هاوکاریکردنی یەکتر؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، ئەوەی لێرەدا دەتوانین بیلێین ئەوەیە کە هێشتا ئێمە دڵنیا نین لەم بارەیەوە، بەڵام ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە جۆرێك لە ململانێ و جۆرێك لە ناکۆکی روودەدات، بۆ نموونە: لە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و چین، پتر مەسەلە ئابووری

**جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەوەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەیلێێت و ئەوەی هەندێ جار وەزارەتی دەرەوە، یان بەرگری ئەنجامی دەدەن. کەواتە لەنێو ئیدارەی ئەمریکادا یەکدەنگییەک بەدی ناکرێت**

**کاتێک سەرۆک دۆناڵد ترەمپ گومانی لەسەر ناتۆ دروست کرد، سەرۆکی فەرەنسا ئیمانویل ماکرۆن داوای دروستکردنی سوپای ئەورووپای کرد**

**ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی هێزێکی گەورە و مەزنی جیهانە، ناتوانێت بە بێ هاوکاریی هاوپەیمانەکانی بوون و دەستڕۆیشتوویی هەبێت لەو شوێنانەی مەبەستێتی**

**ئاسایی نییە هێزێکی مەزنی جیهانی بە تەواوەتی پاشەکشە بکات و گۆشەگیری هەڵبژێرێت. چونکە ئەگەر بێت و ئەمریکا بە تەواوەتی بکشێتەوە ئەوا بوار و پانتاییەکی زۆر بۆ هێزەکانی دیکە جێدەهێڵێت**

**ئەمریکا ماوەیەکە لە داکشاندایە و ئێمە هێزی هەڵکشاوی چین بەدی دەکەین، واتە چیتر ئێمە لە جیهانی تاکجەمسەریدا ناژین کە تێیدا ئەمریکا باڵادەست بێت**

و بازرگانییەکان زەق دەبنەوە، بەڵام ناکۆکی و ململانێکان هەرچۆنێک بن، ئەوا پێم وایە ئەم هێزانە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەو ململانێیانە بکەن، تاوەکو ڕێگری لێ بکەن و نەهێڵن سەربکێشێت بۆ شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا.

*** ئێوە ئاماژەتان بە سرووشتی نوێی سیستمە جیهانییەکە کرد کە پتر ململانێی هێز بەسەریدا زاڵە، ئایا دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین کە سیستمە لیبراڵییەکە- سیستمی تەوەربەند لەسەر ڕێساکان- لە ساتەوەختی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەدایە، بەتایبەتی کە سیاسەتەکانی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمریکا پێی وایە باجی پاراستنی ئەم سیستمە زیاترە لە سوود و قازانجەکانی؟**

- با سەرەتا ئێمە هەنگاوێک بگەڕێینە دواوە و ئاماژ بەوە بکەین کە ئەمریکا هەوڵیدا زیاد لە توانای خۆی دەستڕۆیشتوویی خۆی برەو پێ بدات، بەتایبەتی بە هۆی شەڕی ئەفغانستان و عێراقەوە، لە دەرئەنجامدا و بە دیاریکراوی لە دوای ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١وە ئەو پرسیارە دروست بوو کە ئایا تا چ ڕادەیەک ئەمریکا دەتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات لە جیهاندا. لە دەرئەنجامدا ئەو تێگەیشتنە دروست بوو کە هێزی ئەمریکا لە داکشاندایە و ڕەنگدانەوەکەشی ئەوە بوو کە ئەمریکا سیاسەتێکی گۆشەگیرانە بگرێتەبەر لەسەردەمی ئیدارەی ترەمپدا. بەڵام ئەم سیاسەتی گۆشەگیرانە بۆتە هۆی لاوازکردنی سیستمە لیبراڵییە جیهانییەکە کە ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بنیاتی ناوە. کەواتە من دووپاتی دەکەمەوە کە سیستمی لیبراڵی لە داکشاندایە و سیستمێکی دیکە لە سەرهەڵداندایە کە زیاتر ململانێی هێز تێیدا زاڵە، کە مەرج نییە ئەمە بە مانای پشێوی و بێ سیستمی بێت. چونکە ناکرێت بوترێت ئەگەر سیستمێکی جیهانیی لیبراڵی لە ئارادا نەبێت، ئەوا پشێوی باڵ بەسەر جیهاندا دەکێشێت، بەڵکو دەکرێت سیستمی دیکە جێی بگرێتەوە.

*** کەواتە پێت وایە دەبێت ئەم سیستمە دووبارە بنیات بنرێتەوە و دابڕێژرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێت سەرلەنوێ ئەم سیستمە دابڕێژرێتەوە، ئەوا ئەمە کارێکی کردەنی نییە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا. چونکە تەمومژییەکی زۆر لە گوتاری ئەم ئیدارەیەدا هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لەم ڕووەوە هاوکار نییە.

*** ئاماژەتان بە سیاسەتی گۆشەگیرانەی ئیدارەی ئەمریکا کرد، ئایا پێتان وایە ئەم چەشنە سیاسەتە- کە هەندێ جار پێی دەوترێت سیاسەتێکی تاکلایەن و ناسیۆنالیستانە- لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستمە جیهانییەکە چ کاریگەری و دەرئەنجامێکی دەبێت؟**

- ئێمە دەبێت مەسەلەکان لەنێو سیاقی خۆیاندا بخەینەڕوو، چونکە ئێمە دەزانین جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەوەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەیڵێت و ئەوەی هەندێ جار وەزارەتی دەرەوە، یان بەرگری ئەنجامی دەدەن. کەواتە لەنێو ئیدارەی ئەمریکادا یەکدەنگییەک بەدی ناکرێت، کە ئەمەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت- کە هێشتا وەڵامەکەی ڕوون نییە- ئایا ترەمپ بە ئەنقەست تەمومژی دروست دەکات لە سیاسەتە دەرەکییەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکە- ئیدی ڕکابەر بن، یان هاوپەیمان- دڵنیا نەبن کە هەنگاوی داهاتووی ئەمریکا چییە. واتە من لێرەدا هەوڵ دەدەم لەوە تێبگەم ئایا خودی سەرۆک ترەمپ بە مەبەست و بە ئەنقەست دەیەوێت ئەم تەمومژ و ناڕۆشنییە دروست بکات، کە ئەمەش لە دەرئەنجامدا دەبێتەهۆی ئەوەی کە وڵاتانی دیکە نەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکەن.

*** بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ترەمپ زۆر بە ئاشکرا گوزارشتی لە گومانی خۆی کردووە لە ئاست چەندین دامەزراوەی نێودەوڵەتی و تەنانەت ناتۆشدا؟**

- ئەمە ڕاستە و ئێمە دەرئەنجام، یان کاردانەوەی ئەمەشمان بەدی کرد، بۆ نموونە: کاتێک سەرۆک دۆناڵد ترەمپ گومانی لەسەر ناتۆ دروست کرد، ئەوا سەرۆکی فەرەنسا ئیمانویل ماکرۆن داوای دروستکردنی سوپای ئەورووپای کرد.

*** بەڵام زۆرێک لە شرۆڤەکاران ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەڕای گوتاری ڕاگەیەندراوی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ، ئەوا لە واقیعدا ئەمریکا پابەندبوونەکانی خۆی لە هەندێ ناوچەی جیهان زیاد کردووە لە بری ئەوەی بە تەواوەی پاشەکشە بکات، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی هێزێکی گەورە و مەزنی

جیهانە، ناتوانێت بە بێ هاوکاریی هاوپەیمانەکانی بوون و دەستڕۆیشتوویی هەبێت لەو شوێنانەی مەبەستێتی.

*** بە شێوەیەکی گشتی پێتان وایە پێویستە ئەمریکا پتر خۆی سەرقاڵ بکات بە کێشە و تەحەددییە جیهانییەکانەوە، یان باشترە پاشەکشە بکات و خۆی لە قەیران و کێشەکان بە دوور بگرێت؟**

- بە تێڕوانینی من بونیادی سیستمی جیهانی بە چەشنێکە کە بە ئاست و ئەندازەیەکی گەورە پشتبەیەکبەستنی تێدایە، کەواتە ئاسایی نییە هێزێکی مەزنی جیهانی بە تەواوەتی پاشەکشە بکات و گۆشەگیری هەڵبژێرێت. چونکە ئەگەر بێت و ئەمریکا بە تەواوەتی بکشێتەوە ئەوا بوار و پانتاییەکی زۆر بۆ هێزەکانی دیکە جێدەهێڵێت، بۆ نموونە: رووسیا و چین، کە ئەمریکا خوازیاری ئەوە نییە ئەمە رووبدات، چونکە ئەمە زیانبەخشە


**هێزێکی مەزن و جیهانی بێ رکابەر پارێزگاری لە خۆی بکات؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویست ناکات دوور بڕوین، چونکە کاتێک سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دروشمی ئەوەی بەرزکردۆتەوە بە دووبارە شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمریکا بگەڕێنینەوە، ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا دانپێدانانە بەوەی هێزی ئەمریکا لە داکشاندایە، کەواتە ئەوە راستە کە ئەمریکا بۆ ماوەیەکە لە داکشاندایە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە هێزی هەڵکشاوی چین بەدی دەکەین، کە ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیاری یەکەم کە پەیوەست بوو بە جیهانی فرەجەمسەرییەوە، واتە چیتر ئێمە لە جیهانی تاکجەمسەریدا ناژین کە تێیدا ئەمریکا باڵادەست بێت.

*** کەواتە ئەم جیهانە فرەجەمسەرییە بەرەو کوێمان دەبات؟**

- ئیدارەدانی جیهانی فرەجەمسەری پێویستی

**ئیدارەدانی جیهانی فرەجەمسەری پێویستی بەوەیە کە کەسانی ژێر جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێت، ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە لە دەسەڵاتدا نەبن، ئەگەری رووادنی هەڵە هەیە و رەنگە سەربکێشێت بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە**



بۆ ئەمریکا، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە پێویستە ئاستێك لە پابەندبوونی نێودەوڵەتی هەبێت لە پێناو پاراستنی هاوسەنگیی هێز لەسەر ئاستی جیهاندا، واتە دەبێت ئەمریکا جۆرێك لە پابەندبوون و بەرپرسیارێتی هەبێت لە ئاست ناوچەکانی دیکەی جیهاندا بۆ ئەوەی رێگری بکات لە هێزەکانی دیکە تاوەکو ئەو ناوچانە بەرەو ناسەقامگیری نەبن، هەموو ئەمەش لەپێناو پاراستنی هاوسەنگیی هێز دەبێت لەسەر ئاستی جیهاندا.

*** هەندێ جار باس لەوە دەکرێت کە هێزی ئەمریکا لە داکشاندایە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك راستە کە ئەمریکا توانای ئەوەی هەیە وەك**

بەوەیە کە کەسانی ژێر جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێت، واتە ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە لە دەسەڵاتدا نەبن، ئەوا ئەگەری رووادنی هەڵە هەیە و ئەمەش رەنگە سەربکێشێت بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە. کەواتە تەمەنای من ئەوەیە ئەم کاراکتەرانە بە باشی گەمەی هێز بکەن. هەروەها زۆر پێویستە پەیوەندییەکی دیپلۆماتیی لێکنزیك لەنێوان هێزە گەورەکاندا هەبێت، راستە دەبێت بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بەدی بهێنرێن، بەڵام نابێت لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی هێزە گەورەکانی دیکە بێت، واتە دەبێت جۆرێك لە تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان ئەم هێزانەدا هەبێت.

**راستە دەبێت بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بەدی بهێنرێن، بەڵام نابێت لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی هێزە گەورەکانی دیکە بێت، واتە دەبێت جۆرێك لە تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان ئەم هێزانەدا هەبێت**

# لە رۆژی جیهانیی زەویدا، ئەرکی ئێمە چییە؟

وڵاتانی جیهان لە (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێکدا یادی رۆژی جیهانیی زەوی دەکەنەوە، لەم رۆژەدا داوا دەکرێت لە هاووڵاتیان کە هەوڵ بدەن بۆ:

١. بەخۆداچوونەوە بە زۆرێك لەو شێوازی ژیانکردنە هەڵەیەی کە زۆرێك لە مرۆڤەکان ئالوودەی بوون.

٢. گرنگیی گەڕانەوە بۆ نێو سرووشت و هەڵسوکەوتی هاوڕێیانەی مرۆڤ لەگەڵ سرووشتدا.

٣. دوورکەوتنەوە لەو رەفتارە هەڵەیەی کە مرۆڤی فێری زۆرخواردن و کەم چالاکیی کردووە.

٤. هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە کەلتووری سەوزکردن و چاندنی زانستییانە.

٥. کەم بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و بایەخدان بە پایسکل و پیادەڕۆیی.

٦. خواردنی خۆراکی فرێش و دوورکەوتنەوە لە خواردەمەنییە قوتووبەندەکان.

٧. باش بەکارهێنانی ئاو و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانیدا.

چیرۆکی ئەم رۆژە لەوەوە دەست پێدەکات کە لە هەمان بەروار و لە ساڵی (١٩٧٠) نزیکەی (٢٠) ملیۆن کەس لە تەواوی ئەمریکادا بە سەرکردایەتیی سێناتۆر (گایلۆرد نیلسۆن) بۆ دەرخستنی مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە بە هۆی کارگە پیشەسازییەکانەوە خۆپیشاندانیان کرد.

خۆپیشاندەران داوای دامەزراندنی ئاژانسی پاراستنی ژینگە و یاساکانی پاراستنی ژینگەیان دەرکرد، کە لە دواجاردا کۆنگرێس هەردوو داواکانیانی پەسەند کردو، ئەم رۆژەش لە ئەمریکادا بوو بە رۆژی زەوی.

بەڵام لە دواییدا نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە (٦٣/٢٧٨)، رۆژی (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێکی کردە رۆژی زەوی بۆ گشت جیهان. ئەم راگەیاندنەش ددانپێدانانێکە بەو راستییەی کە زەوی و سیستمە ئیکۆلۆژییەکەی سەرچاوەی سەرەکیی ژیان و بژێویی گشت دانیشتووان و گیانلەبەرانە. هەروەها ددانپێدانانێکە بە بەرپرسیارێتیی گشتی کە راگەیاندنی کۆنگرەی زەوی لە (ریۆدی جانیرۆ) لە ساڵی (١٩٩٢) داوای کردووە بۆ زیاتر تەبایی و کۆکبوون لەگەڵ سرووشت و زەویدا، لە پێناو دابینکردنی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە لە نێوان پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا. وەك وەبیرهێنانەوەیەکیش لە ساڵی (٢٠١٣) لە رۆژی جیهانی زەویدا، (بان کی مۆن) سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی:

«رۆژی جیهانیی دایکە زەوی هەلێکە بۆ





**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

دووباره جەختکردنەوە لە بەرپرسیارێتی هەموومان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ سرووشتدا، لەو کاتەی کە هەسارەکەمان رووبەڕووی مەترسیی گۆڕانی کەشوهەوا و خراپ بەکاربردنی دەرامەتەکان و زۆر کێشەی دیکە دەبێتەوە، کە دەستکردی مرۆڤەکانن، بۆیە کاتێك دەبینە هەرەشە لەسەر هەسارەکەمان، ئەوسا خۆمان ئەم ماڵە تاقانەیەی خۆمان دەڕووخێنین. با پەیمان تازە بکەینەوە بە بۆنەی ئەم رۆژە جیهانییەوە، رێز لەم دایکەزەوییەمان بگرین.»

بۆ یادکرنەوەی ساڵانەی رۆژی زەوی، نەتەوە یەکگرتووەکان دروشمی جیا جیا هەڵدەبژێرێت لەپێناو هاندانی ملیۆنەها لە دانیشتووانی گۆی زەوی بۆ بونیادنانی ژینگەیەکی تەندروستی بەردەوام لە رێگەی سەوزکردنی کۆمەڵگەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، چونکە ئەمڕۆ نیوە زیاتری دانیشتووانی جیهان لە نێو شارەکاندا دەژین، بۆیە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان و ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا پێویستە ستایلی ژیانیش لە نێو شارەکاندا بگۆڕێن بە ئاراستەی سەوزکردن.

لەم بۆنەی رۆژی زەوییەدا، ئێستا کاتی وەبەرهێنانە لە بواری وزە نوێبووەوەکان و دووبارە بونیادنانەوەی شارو شارۆچکەکانمان و، دەستکردن بە چارەسەرکردنی کێشەی کەشوهەوا، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا و بە جووڵەیەکی خێرا ئاسەواری باشی ئەم گۆڕانکارییە دەربکەوێت.

لە (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێکدا نزیکەی یەك ملیار کەس لە (١٩٠) دەوڵەتدا بۆنەی رۆژی زەوی بەرز و زیندوو رادەگرن لە رێگەی چاندنی نەمام و پاککردنەوەی نێو شارو پەیوەندیکردن بە نوێنەرەکانیانەوە و زۆر چالاکیی دیکەی ژینگەپارێزانە.

ساڵانە لەم بۆنەیەدا تیشك دەخرێتەسەر کێشەو رێگرییە کۆن و نوێیەکان، بەتایبەت مەسەلەی دەرکەوتنی زیانە زۆرەکانی گردبوونەوەی دانیشتووان لە شارەکانداو چۆڵکردنی گوند و لادێکان لەگەڵ دەرکەوتنی زیانە گەورەکانی گۆڕان لە کەشوهەوادا، بۆیە پێویستە ئێمەش لە کوردستاندا ئەم هەنگاوانە بنێین:

یەکەم: چاوخشاندنەوە بە دیزاینی شارەکانمان و وەبەرهێنانەکانیشمان وەبەرهێنانی سەوز و ژینگەدۆستانە بن.

دووەم: سیاسەتێکی نوێی ژینگەپارێزانەی بەردەوامیش پەیڕەو بکرێت لەلایەن حکومەتەوە سەبارەت بە سیاسەتی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت وغاز و ژمارە و جۆر و قەبارە و شوێنی پاڵاوگە نەوتییەکان .

سێیەم: هەوڵدانی بەردەوام بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی وریا و رۆشنبیر.